گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
*Vol. 12, No. 4, pp. 900–918, October-December.-2024.*
900
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# ڕەمز لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت و قوبادی جەلی زادە)دا

کامران ئەبابەکر خضر خۆشناو*

بەشی زمانی کوردی، کۆلیژی پەروەردە- شەقڵاوە، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان ـ عێراق.
((kamaran.khudhur@su.edu.krd))

تاریخ الاستلام: 2024/03 تاريخ القبول: 2024/07 تاريخ النشر: 2024/12 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2024.12.4.1418

**پوختە:**

ڕەمز یەکێکە لەو لایەنە هونەرییانەی شیعرییەت بە دەق دەبەخشن و دەق لە چنگی سادەی گوتندا دەردەهێنن، چونکە ڕەمز هۆکارێکی سەرەکییە بۆ لادان و گواستنەوە لە تێگەیشتنی ئاشکرا و خێرا و تاك واتاییدا، بەمەش ڕەمز لە لایەك ئیستاتیکییدانە بە شیعر و شیعرییەت، لە لایەکی دیکە بایەخدانە بە گۆشەی خوێنەر، چونکە هەموو خوێنەرێك توانای گەیشتنی بە دەلالەتەکانی ئەم جۆرە دەقانە و هەڵماڵین و لادانی واتا ڕووپۆشکراوەکان، دۆزینەوەی ڕەمز و کۆدە پەنهانییەکانی نییە، بۆیە ئەم دەقانە کاتێکی زۆرتریان دەوێت بۆ تێگەیشتن و لەوێش ماوەیەکی زۆرتر لەناو کۆمەڵگەدا دەمێننەوە، بۆیە شاعیرانی هاوچەرخمان بەگشتی و تایبەت (نەوزاد ڕەفعەت و قوبادی جەلی زادە)، پاشخانێکی گشتیی فراوان و ڕۆشنبیریی هەمەلایەنەیان لە تەواوی بوارەکاندا هەیە، بەمەش توانیوویانە زۆربەی جۆرەکانی ڕەمز دەستەمۆ بکەن و بیخەنە خزمەتی شیعرییەت و پەیامە شیعرییەکانیان پێ دەربڕن.

**وشەی سەرەکی:** ڕەمز، ئەفسانە، ئایین، مێژوو، سێکس.

## 1. پێشەکی:

ڕەمز دیاردەیەکی کۆنە سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای مرۆڤ و کۆمەڵ، لە شیعریشدا لای هەموو گەلانی دنیادا بەکارهاتووە، بەشێکی گرنگی پێکهاتەی شیعرییەتە و دەق لە ئاستی تاك واتایی و تێگەیشتنی ئاسان، دووردەخاتەوە و دەیگوازێتەوە بۆ ناو بوارێکی فرە ڕاڤەیی و بایەخدان بە خوێنەریی نموونەیی، بۆیە ئەگەر سەیری شیعری هاوچەرخی کوردیی بکەین، دەبینین بەهۆی بارودۆخی کورد و کوردستان، زەمینەیەکی ڕەخساو و لەباربوە بۆ گەشەکردن و بەکارهێنانی ڕەمز و بایەخدان بە ڕێبازی ڕەمزییەت.

### 1.1. ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆلێنەوەیە بە ناونیشانی (ڕەمز لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت و قوبادی جەلی زادە))یە.

### 2.1. سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە بنەما و ڕەهەندی (ڕەمز) و جۆرەکانی و ڕەنگدانەوەی لە دەقە شیعرییەکانی (نەوزاد ڕەفعەت و قوبادی جەلی زادە)دا.

### 3.1. هۆکاری هەڵبژادنی ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

ڕۆشنبیرییەتێکی فراوانی شاعیران و زانینی زمانی بێگانە سەرچاوەیەکی گەورە و گرنگی بەکارهێنانی ڕەمزە لە شیعرەکانیاندا، لەلایەکی دی جۆرە بەراوردکردنێکی گشتییە لە تەواوی ڕەمزە بەکارهاتووەکان لای شاعیران (نەوزاد ڕەفعەت و قوبادی جەلی زادە) بە ڕێژە و شێوەی جودا، ئەمەش بۆ بوونی جیاوازی جیهانبینییان دەگەڕێتەوە بەرانبەر ژیان و ژیار. واتە ئەگەرچی شاعیران بایەخیان بە زۆرینەی جۆرەکانی ڕەمز داوە، بەڵام لای هەر یەکێکیان هەندێك ڕەمز زەقر دەرکەتوون و هەندێکی دیکە لاواز، بە پێچەوانەشەوە.

### 4.1. بایەخی لێکۆڵینەوەکە:

لەلایەك دۆزینەوە و پیشاندانی جۆرەکانی ڕەمزە لە دەقە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت و قوبادی جەلی زادە) و لە لایەکی دیکە دۆزینەوە و دەرخستنی شێوازی بەکارهێنان و چنیینی شیعرەکانی هەریەکەیانە بەپێی جیهانبینییان، جیاوازییان لە ڕەمزە بەکاربراوەکان.

### 5.1. ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لەم لێکۆڵینەوەیەدا وەك ڕێبازێکی سەرەکی پشت بە ڕێبازی (ڕەخنەی مێژوویی) بەستراوە، بەڵام لەبەر پێویستبوونی لێکۆڵینەوەکە هەندێکجار پەنا بۆ ڕێبازی (ڕەخنەی هونەریی) براوە.

### 6.1. پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، بەم شێوەیە: لە پێشەکییدا سنوور و هۆکار و ئامانج و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە خروەتەڕوو، دواتر لە بەشی یەکەمدا، کە بە ناونیشانی (زاراوە و چەمك و پێناسەی ڕەمز)ە، بەشێوەیەکی گشتی باس لە زاراوە و چەمك و پێناسەی ڕەمز، هۆکار و ئامانجەکانی ڕەمز لە شیعر و سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەمز، ڕەمز لە ئەدەبی کوردییدا، خراوتەڕوو، بەشی دووەم بە ناونیشانی (ڕەمز لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت و قوبادی جەلی زادە))یە، بەشێوەیەکی تیۆری باس لەو جۆرە ڕەمزانە کراون و کە لە دەقەکانی

*ڤەکولەرێ بەرپرس.

This is an open access under a CC BY-NC-SA 4.0 license (https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/)

شـــــاعیران بەدیکراون، دواتر وەك بەڵگە چەنـد دەقێك هێنراونەتەوە و ڕاڤەکراون، لە کۆتاییشدا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی بێگانە خراوەتەڕوو.

## 2. زاراوە و چەمك و پێناسەی ڕەمز.

### 1.2. زاراوەی ڕەمز:

ڕەمز وەك زاراوە لە بنەڕەتدا لە زاراوەی(Symbol) ی کاری یۆنانی (Samballein) وەرگیراوە، کە لە هەردوو وشـــەی (sam)واتە: (لەگەڵ) و (ballein) واتە: (بـایەخپێـدان ـ ڕێزلێنـان) پێکهـاتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ (پـارچەیەك خەزەف) یان هەر دەفرێکی تایبەت بۆ میوان بەکاریان دەهێنا یـان وەك دیـارییەك بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی پەیوەنـدی نێوانیان پێیان دەبەخشی، یان بە واتای (هاویشتنی هاوبەش یان بە واتای هاوڕێیەتی هاوبەش، واتە هاوبەشی دوو شت لە یەك ڕێرەودا یەکبوونیان)(حەمەد، 2012: 3)، ئەم دوو ڕســـتەش ڕەمز و واتاکەیەتی.

زاراوەی ڕەمز لە زۆرینەی زمانەکانی جیهاندا بەکار هاتووە، بۆتە زاراوەیەکی جیهـانی، هەر زمـانێکیش لە وەرگرتنیدا بە گوێرەی یاســای فۆنۆلۆژی خۆی، گۆڕانکاری لە نووســین و گۆکردنـدا کردووە، بۆ نـمونە زاراوەی ڕەمز لە زمـانی ئینگلیزیدا بەرانبەر بە (symbol)و لە فارسیدا (نماد) (سمبل) بەکاردەهێنرێت، لە زمانی کوردیشـــدا ئەم زاراوەیە: (ڕەمز)، ڕاســـتەوخۆ لەژێر کـاریگەری زاراوەی (رمز)ی زمـانی عەرەبی هـاتۆتە نێو زمـانەکە، کە بنەڕەتەکەی لە زاراوەی (الـرمـزیـة) هـاتـووە، لەلایەکـی دیکە، بە تـێـڕوانـیـیـن لەو لێکۆڵینەوانەی بەرچـاوکەوتوون، لە زمـانی کوردییدا لە پـاڵ زاراوەی (ڕەمز) هەریەکە لە زاراوەکانی (هێما) و (نیشانە) و (جەفەنگ) بەرانبەر ئەم زاراوەیە (ڕەمز) بەکارهاتوون.

لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردییشدا هەریەکە لە زاراوەی (هێمایی) (بەسیر، 1983: 90) و (هێمایەتی) (شـەریف، 1985: 194) و (سیمبۆلیزم) (حسێن، 2022: ٥)، و (هێماگەریی) (ئەسوەد، 2015: 299)، بەرانبەر ئەم زاراوەیە: (الرمز) بەکارهاتوون .

لە لایەکی دیکە، بەکارهێنانی زاراوەی (ڕەمز/ ســیمبوڵ) لە زانستی -theology) لاهوت)دا، مێژوویەکی کۆنی هەیە؛ کە بە هاوواتای(creed) دێت، ئەمەش واتە (زانستی دەستوور و بـاوەڕی مەســیحییەت)، هەر لە دێرینەوە زاراوەی ڕەمز لە دروشــمە ئایینی و فەلســەفەی لاهوت بووە، تەنانەت ڕەمزی ئیشـــارەت بنچینەی ئـاینییەکـان بووە لە شــیعرو هونەردا، هەروەها بەهایەکی ئیشـــارەت ئامێزی لە لۆژیك و بیرکاری و ســـیمانتیکدا هەبووە، (احمد، 1978: 33) بە درێژایی مێژوو زۆر جۆرە ڕەمز دیـاری کراون وەك: ڕەمزی زانســـتی و ڕەمزی زمانی و ڕەمزی ئایینی و ڕەمزی هونەری.

### 2.2. چەمك و پێناسەی ڕەمز:

ئەگەرچی مێژووی دەرکەوتنی ڕەمز کۆنە و زانـایـان و فەیلەســووفـانیش بـاســـیان کردووە، بەمەش ڕەمز بـابەتێکی هەمەلایەنە و ئـاڵۆزە چەنـدین جۆر پێنـاســـە و بۆچوونی جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت، وەك (ئەرســـتۆ)، کـاتێك بـاس لە (وشە و نیشانە) دەکات، پێیوایە، کە (وشەکان ڕەمزن بۆ واتای شـــتەکـان، بۆیە دەربڕینە وشـــەییەکـان-گوتەکـان ڕەمزن بۆ بارودۆخی دەروونی نێرەر و ئاخێوەر، وشـە نووسـراوەکانیش ڕەمزن بۆ وشـــە گوتراوەکان) (مســـتەفا- خ، 2009: 123)، هەر بەقەد کۆنی زاراوەکەش لێکۆڵینەوە و دابەشـــکردنی جۆراوجۆر بۆ ڕەمز کراون، لەوانە هەر خودی (ئەرستۆ) سێ ئاستی سەرەکی بۆ ڕەمز دیاریکردووە:

1. ئاستی ڕەمزی تیۆری ـ لۆژیکی: کە بەهۆی پەیوەندی ڕەمزی بەرەو لایەنی زانیاری دەڕوات.
2. ڕەمزی کارەکی ـ شیعریی: بەواتای کردار دێت
3. ڕەمزی ئیستاتیکی: کە بەواتای بارودۆخی ناوەکی و دەروونی و هەڵوێستە ویژدانی و سۆزاویەکانی دێت. (بڕوانە: حەمەد، 2012: 1).

بەگشـــتی ئەم زاراوەیە لە فەرهەنگە ئەدەبییەکـانـدا چەنـد شـــلۆڤەیەکی بۆ کراوە، لەوانە لە فەرهەنگی ئەدەبی (معجم مصـــطلحات الادبیة معاصـــرة)دا بەرانبەر زاراوەی (ڕەمز) هاتووە، کە زاراوەیەکی (فرەســـیمایە و جێگیر نییە، بەجۆرێك ئەســـتەمە وێنەی هەموو واتا پارادۆکســـیەکانی بکێشـــرێت...، سەرەڕای ئەوەی، کە ناوەندێکی ڕووتە لە هێماکردن بۆ جیهانی شـــتەکان)(شـوان، 2008: 7)، بۆیە لێرەدا ڕەمز دەبێتە ئاماژە پێکردنێکی هێمـایی و بۆ واتـای خوازەیی، چونکە ڕەمز نیشـــانەیەکی دوانەیی هەیە و داماڵین و بەتاڵکردنی وشـــەیە لە واتا ڕەســـەنەکەی و داپۆشـــین و بارگاوییکردنییەتی بە واتای تـازە و نوێ، کە ئەمەش دەکەوێتە بـازنەی هێمـا و کۆدە زمانییەکان، کە بنچینە و بنەڕەتی گۆڕینی واتا و گواستنەوەی دەلالەتن لە زماندا، بۆیە ڕەمز بە سەرچاوەیەکی گرنگی لادانی واتایی دادەنرێت، چونکە دەشـێت وشـەیەك لەڕووی واتاییەوە شوێنی واتا یان دەلالەتێکی تر پڕبکاتەوە، بەمەش دەق لەبەردەم ڕاڤەی جیادا دەکرێتەوە.

هەروەهـا لە فەرهەنـگـی (لســـان الـعـرب)دا (ڕەمـز) وا پێناســـەکراوە، کە (دەنگ لێوەهاتنێکی نزم وەك بەچپە و دوان، واتە جولاندنی لێو بە گوتەی تێنەگەیشتوو یاخود ئیشارەتدان بە لێو، هەروەها وتراوە ڕەمز نیشـانە و ئیشـارەتە بە چاو وبرۆو دەم و لێو) (المنظور، 1968: 365).

هەروەها (کوڵریدج)یش پێیوایە ڕەمز (بەشیکی بوونی لە واقیع وەردەگرێت، ئەوســا توانای تێگەیشـــتنی دەبێت) (مەعروف، 2005: 18)، بەمەش ڕەمز ئەگەرچی لە واقع وەردەگیرێت؛ بەڵام ســـنووری واقع تێدەپەڕێنێت و لێیدەرەچێت، ئەوکـات ڕوونتر دەبێت، هەروەها (ئەرنسـت کاسـیرەر) لەو باوەڕەیە: (کە مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن ڕەمزە، هەروەها هەر یەك لە ئەفســانە و ئایین و زمان و بوونەوەر و مێژوو و زانســت ئەم چالاکیانەن، ڕەمزن بۆ شـــارســـتانییەتی مرۆڤایەتی) (احمد، 1978: ١٧). لەلایەکی دی شـــاعیری ئەڵمانی (گۆتە) باوەڕی وایە: کـاتێـك (خود لەگەڵ بـابەت تێکەڵ دە بێـت، ڕەمزدە دەرەوشێتەوە، کە تێدا پەیوەندی مرۆڤ بە شت دەنوێنێ) (احمد، 1978: 37)، بەمەش (گۆتە) ڕەمزی بە شـــتێکی خودی داناوە و پەیوەســـتیکردووە بە هزر و هەســـتی تاك و بیرکردنەوە و ڕامانەکانی بۆ دیاردە بینراو و نەبینراوەکـان، چونکە کـاتێك خود و بابەت تێکەڵ دەبن جۆرێك لە ڕەمز دروست دەبێت، کە گوزارشتە لە بیر و ویژدان و سروشتی کەسەکە.

لە لایەکی دیکە زانای دەروونناسـی (کارڵ گۆسـتاڤ یۆنگ) بە شێوازێکی دیکە پێناسـەی ئەم چەمکەی کردووە، باوەڕی وایە: (ڕەمز هەمیشـە ئەوەیە گوزارشـتێکی چاك لە ڕاستیدا بکات و وێنەی بگرێت، ئەو ڕاستییەی ئێمە هەستی پێدەکەین و دەزانین هەیە، بەڵام بە پێنج هەســـتەکەی مرۆڤ ئاشـــکرا و دیار نین، تەنیا بە هەستی شـەشـەم دەتوانرێت پەی پێببرێت) (مەعروف،

2005: 68)، لەم دیدگەیەوە (یۆنگ) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ ڕەمزەکان شتێك نین بەرجەستە و دیاربن و بە ئاسانی هەستییان پێبکرێت، بەڵکو ڕەمز خودی ئەو کۆد و شتە شاراوانەن، زۆربەمان ناتوانیین بیانزانین و بیانکەینەوە، تەنیا بە وردبوونەوە نەبێت لە ناوەڕۆك و نزیکخستنەوە و بەستنەوەی نەبێت بە واقع و چواردەورمان، هەر لەم گۆشەیەوە (یەتس) لەم چەمکە دەڕوانێت و دەڵێت: (ڕەمز تاکە گوزارشتکاری گونجاوە بۆ جەوهەری نەبینراو، وەك چرایەکی تەنگ لە دەرەوەی ڕووناکییەکەی گیانی هونەری ڕەمزی سنووری خۆی و جیهانی فیزیکی تێدەپەڕێنێ بەرەوشتێکی بزوێنەر لەودیوی هەستەکان هەنگاو دەنێ) (مجاهد، 1986: 167)، کەچی هەندێکی دیکە باوەڕیان وایە، کە ڕەمز (شێوەیەکی میکانیکی لەخۆ دەگرێت و نواندنێکە بۆ بیرێکی تایبەت، تا ڕادەیەك پەردەپۆشە) (حسێن، 2022: 20)، کەواتە ڕەمز کارلێککردنی نێوان دوو شتە یەکێکیان ئاشکراو ئەویتریان نهێنی، بۆ ئەمەش ڕەمز پێویستی بە سێ ڕەگەزی سەرەکی هەیە؛ یەك: (دال)؛ ئەمەش ئەوەیە، کە شوێنی شتێکی تر دەگرێتەوە، واتە خودی ڕەمزە، دوو: (مەدلوول)؛ ئەو شتەیە کە ئاماژە (دال) شوێنی دەگرێتەوە، سێ: (دەلالەت)؛ ئەمەش پەیوەندی نێوان (دال ومەدلول)ە، پەیوەندییەکە پێویستە هەستی پێبکرێت و شیبکرێتەوە) (عمر، 1982: ٢٦).

لەم دیدگەوە ڕەمز چەندین ئەرك دەبینێت، چونکە لە هەناوی خۆیدا کۆمەڵێك شت حەشاردەدات، بەمەش دەمان وروژێنێت وەك: ڕەمز بەکاردەهێنرێت بۆ؛ کورتکردنەوەی مەبەست لە وشەیەك و دەستەواژەیەکدا، سەڕای کورتییەکی ئیحا بەخشیشە، هەندێکجار ڕەمز بۆ خێراترکردنی کاریگەرییەکان دێت، هەندێجاریش وەك بەڵگە بۆ مەبەستی پەیامێکی دەستنیشانکراو تایبەت بەکاردەهێنرێت.

لە ئەدەبی کوردیشدا چەندین تێڕوانیین بۆ ئەم چەمکە کراون، لەوانە: (د. فازڵ مەجید) دەڵێت: ڕەمز بریتییە لە (بەکارهێنانی وشەیەك یان دەستەواژەیەك یان ڕستەیەك، کە لە دوو توێی دا مەبەستێك خۆی حەشار دابێت ،جگە لە واتا ڕووکەشەکەی خوی) (مەحموود، 1990: 140)، بەمەش ئەدیب و شاعیر بەهۆی چەند هۆکارێکەوە ڕەمز وەك دەمامکێك بۆ بابەت و بۆچوونەکانی بەکاردەهێنێت، هەر نزیك لەم بۆچوونە (د. پەخشان سابیر) پێیوایە؛ (ڕەمز بریتییە لە دیاریکرنی بابەتێك بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ، شاعیر بیرەکەی بەهۆی ژمارەیەکی زۆر لە ڕەمز دەخاتەڕوو) (حەمەد، 2012: 18)، بۆیە ئاساییە گەر خوێنەری ئاسایی بێئاگایانە بەرسەریاندا ڕەت بێت و نەتوانێت ئەم کۆد و ڕەمزانە بکاتەوە، بەڵام خوێنەری وردبین- کارا لە ڕووکەش ڕەتدەبێت وبەرەو قوڵایی دەچێت، هەروەها (سابیر ڕەشید)یش باوەڕی وایە، کە ڕەمز (لە ئەدەبدا پەردەیەکی دیکە بەسەر دەربڕین و مەبەستی نووسەر دادەریژیت، .... جاری وا هەیە گیاندارێك یان ئامێرێك یان هەموو شتێك، کە لە دونیادا لەوەی ئێمە بە نامەئلوفی دادەنێین یان بە دەنگی واقیعەوە دەیبینین دەبێتەپەردەیەك بۆ دەربڕینی مەرام و جیهانبینی و فەلسەفە و تێڕوانینی نووسەرەکە بۆ کەون و ئەدەب و ڕوشنبیری..) (خۆشناو، 2015: 31)، واتە ڕەمز لە ئەدەبدا ئاماژەکردنە بە وشەیەك، کە واتای شتیکی هەستی یان ژیریی دەگەیەنێ، بۆ مانایەکی دیارینەکراوە و جیاواز، بەپێی خەیاڵی نووسەر خوێنەریش جیاوازن، لە تیگە یشتن و درك پێکردنی مەوداکەی، بە گوێرەی ئاستی ڕۆشنبیریی و ناسکی هەستیان هەندێکیان لایەنێك دەبینن و هەندێکی دیکە لایەنێکیتریان بە ئاشکران دەردەکەوێ و ڕوشنبیر لێی تێدەگات) (عبد النور، 1948: 124)، وەك (فەرهاد پیربال)یش دەڵێت: (ڕەمز لە دنیایەکی شاراوە یان بیرۆکەیەکە، کە هونەرمەند بۆ قوڵترکردنەوەی وجوانکردنی بەرهەمەکەی شاردویەتییەوە، کلیلی کردنەوەشی تەنیا لای خوێنەرە) (خۆشناو، 2015: 23).

لەم سۆنگەیەوە ڕەمز تێگەیشتنی نێوان (نێرەر و وەرگر)ە، یان باشتر بڵێین؛ پەیوەندی هزریی و ڕێککەوتنی نێوان نووسەر و خوێنەرە، بۆیە زۆرجار نووسەران و بەپێی پێکهاتەی بایۆلۆژی و جیهانبینیی و ئەو کۆمەڵگە و شوێنەی تێیدان، تێگەیشتن لە نێوانییاندا بۆ شتێك هەیە، بۆیە ئاساییە تێگەیشتن لە ڕەمز لەلایە ن نووسەر و تەنانەت خوێنەرانیش جیاوازە، ئەمەش بۆ ئەو پاشخانە ڕۆشنبیریی و ژیریی و چوارچێوەی کۆمەڵگا و تەواو ئەو لایەنەنانە دەگەڕێتەوە، کە کاریگەرن لەسەر ڕەوتی ژیان و پێشکەوتنی ژیار.

کەواتە ڕەمز پێکهاتەیەکی شیعرییە و هەبوونی لە دەقدا شیعرییەتی شیعر بەرز دەکاتەوە، بۆیە دەکرێت بگوترێت؛ ڕەمز پێویستییەکی شیعرییەتە و ئاماژەیە بۆ شتێك پەیوندییەك لە نێوان ڕەمز واتاکەیدا هەیە و پێویستی بە تێڕامان و لێ وردبوونەوە هەیە، بەمەش ڕەمز بریتییە لەوەی وشەیەك لە ڕووی واتاوە شوێنی واتا یا دەلالەتێکی تر بگرێتەوە، لەلایەکی دیکە، نابێ ئەوە لەیاد بکرێت، کە ڕەمز بڕێك لە تەمومژ و لێلی لەخۆیدا هەڵگرتووە، ئەمەش بۆ ئەو ناڕوونییە دەگەڕێتەوە کە لە بوون و ناوەڕۆکی هەموویاندا هەیە.

## 3.2. سەرەتای سەرهەڵدانی ڕەمز لە جیهاندا:

ڕەمز جۆرێکە لە دەربڕینی کۆن، مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤ و کۆمەڵ و شارستانییەت، ڕەمز هەردەم سەرچاوە و کانگەی چڕی دەربڕین بووە، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەدەبدا و لە نێو سەرجەم ڕێبازە ئەدەبییە سەرەکییەکاندا ڕەنگیداوەتەوە و ڕەگی داکوتاوە، وەك (لویس هۆرتیك) لەبەر گرنگی ڕەمز ئاماژە بەوە دەکات؛ کە (هیچ هۆنراوەیەك نییە، جۆرێك و شێوەیەك لە ڕەمزی تێدانەبێت) (مستەفا، 2009: 166)، ئەم بەکارهێنانەش بە لای لێکۆلەران دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکار، لەوانە: هۆکاری بابەتی و تەکنیکی، ڕامیاریی، کۆمەڵایەتیی، لاسایی ڕووکەشانە و بەکارهێنانی ناهۆشیارانە، یان بەمەبەستی ڕازیکردنی هەستی هونەری ئیستاتیکیی و دەرخستنی توانا و داهێنان و زیرەکی، بۆ ئەمەش سروشتێکی لێڵ بە شیعر دەبەخشن.

لەسەرەتادا ڕەمز لە شیعردا بەکاردەهات و تا زەمینەیەکی شیاو گونجاو دروست بووە، تا گەیشتە ئەوەی سیماکانی ڕەمزی وەك ڕێبازێك بەدەرکەوت، کە ڕەگ و ڕیشەی بۆ فەلسەفە ئایدیالییەکان (symblisnie)دەگرێتەوە بۆ دیاردەی شیعری میتافیزیکی، کە لە (ئینگلتەڕا) لە دەورووبەری سەدەی حەڤدەم سەریهەڵداوە، سەرەتای ڕەمز بەناخی سروشتدا شۆڕبوویەوە و ئاستی ڕووکەشی شتەکانی تێپەڕاند و سەرسوڕمانی بەرانبەر ڕاستییەکانی ژیان تێدابوو، گوزارشتکردنیش لەمانە بەڕێگەیەکی خوازەیی بوو، کە بەڕێگەی ڕەمز دەچوو لەگەڵ جیاوازی ئەوەی کە خوازەی میتافیزیکی لۆژیکی بوو، لەسەربنەمای پەیوەندی ئاسۆیی دیاریکراو دروست ببوو، ئەو هۆکارانەش زۆربەیان لە

ژینگەی سەدەی نۆزدەهەمدا سەریانهەڵدا، بوونە ڕێگاخۆشکەر بۆ دروستبوونی بایەخی زیاتر بە ڕەمز و دەرکەوتنی ڕێبازی ڕەمزییەت (سیمبۆلیزم)، واتە کاتێك (ڕێبازی سیمبۆلیزم) لە کۆتایی سەدەی نوزدەمدا سەریهەڵداوە، بە تایبەتی لە دوای ساڵی ١٨٨٠ لە فەرەنسا، وەکو ((شۆڕشێك بوو بەسەر (ڕێبازی پەرناسیزم)دا، کە ئەدەبی ملکەچی ڕاستییە ڕوونەکان کردبوو) (رضا، 2021: ٥٩)، بنەما سەرەکی ئەم ڕێبازە لەوەدا بوو، کە (جوانی و ئیستاتیکای شعر لە سەرووی ڕەگەزەکانی دیکەوەن، جوانی ئامانجی شیعرە، تەنها ڕێگەش بۆ گەیشتن بە جوانی، بریتییە لە خەیاڵ و ئیحا و خەون، واتە هێما و وێنەی هێمایی) (ئەسوەد، 2015: 300)، لەم سۆنگەیەوە سیمبۆلیستەکان لەگەڵ ڕوونی و ڕاستەوخۆیی بابەت و ناوەڕۆکی بەرهەمەکاندا نیین، چونکە ئەوان وای بۆ دەچن ڕاستەوخۆیی و بێ پەردە لە دەربرینی شتەکان دەبنە هۆی ڕووتبوونەوە و ساکاریی و داماڵران لە جوانیی، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە مەرج نییە، هەموو دەقێك، کە بە زمانێکی ساکار نووسرابێت، لە ستاتیکا و چێژ و جوانی بەدەربێت، بەڵکو زۆرن ئەو دەقانەی بە زمانێکی سادە و ڕەوان نووسراون و تژین لە ئەدەبییەت.

## 4.2. ڕەمز لە ئەدەبی کوردییدا:

بەکارهێنانی ڕەمز لە شیعردا پرۆسەیەکی ئاڵۆز و کاریگەرە، دەکەوێتە ژێر چەندین پێوانەی هەمەجۆر بە مەبەستی دروستکردنی ڕەمزێکی دیاریکراو، بەپێی ئەو بارە دەروونییەی، کە گوزارشتی لێدەکرێت، یان باشتر بڵێین: ڕەمز دیاردەیەکی هونەریی و مەعنەوییە، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەدەبدا (زارەکی) دەرکەوتووە، سەرەتای دەرکەوتنی ئەدەبی نووسراوی کوردیش بەپێی بۆچوونی ئەدەبناسانی کورد و تەواوی ئەو بەڵگانەی تا ئێستا لەبەردەستدان، بە ژانری (شیعر) دەستییپێکردووە، بۆیە سەرەتای دەرکەوتنی ڕەمزیش لە ئەدەبی نووسراوماندا بۆ شیعر دەگەڕێتەوە.

بە واتایەکی دیکە، مێژووی بەکارهێنانی ڕەمز لە شیعری کوردییدا، پانتاییەکی فراوان و ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، هەر لە دەستپێکەوە (شاعیرانی کۆن-کلاسیکی کوردی) لە دەقەکانییاندا ڕەمزیان وەك لایەنێکی جوانکاریی واتایی بەکارهێناوە، چونکە ڕەمز ئەو ئەدگار و ئاڵاڤەیە بەدەست شاعیر، بۆ گوزارشتکردن لە دەروون و دیاردەکانی دەرەوەی خۆی، کەواتە بنچینەی ڕەمز لە شیعری کلاسیکەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ نموونە (غەزەل) بابەتی سەرەکییە، کە ڕەمزی تێدا بەچڕی بەکارهاتبێت، بەهۆی ئەو چوارچێوەی یاخود ئەو کۆمەڵگەیەی، کە شاعیرانی کلاسیك تێدا ژیاون، ئەو شیعرانەی دەچنە نێو خانەی (تەسەوف) دەشێت نزیکترین بابەت بن لە ڕەمز، بە تایبەتیش لەو نهێنی و شاراوەییانەی، کە ڕەمز و تەسەوف یەکدەخات یاخود لە یەکتریان نزیك دەکاتەوە، کەواتە شاعیر و سۆفی خاڵێکی گرنگ یەکیان دەخات، ئەویش (نامۆبوون)ە، نامۆ لە کۆمەڵگە و هەڵاتن لێی بەرەو جیهانێکی ئەفراندن و تایبەت، کە بۆ خۆیان دەیەنەوێت دروستی بکەن.

لە ئەدەبی نوێ بە گشتیی و ئەدەبیی هاوچەرخ بە تایبەتی زیاتر سیماکانی دەرکەوتوون، ئەویش لەلایەك بۆ خودی (ڕێبازی سیمبۆلیزم) لەو کاتانەدا و لەلایەکی دیکە بەهۆی بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ڕۆشنبیریی میللەتی کورد و ژیان گوزەرانی تاکی کورد ڕێگا خۆشکەر و زەمینەیەکی لەبار بووە بۆ پەیدابوونی دیاردەی ڕەمز لە شیعردا، بەواتایەکی دیکە؛ باری ڕامیاریی کۆمەلگەی کوردیی ناوەندێکی باش و بزوێنەر و بەهێز بووە بۆ بەکارهێنانی ئەم دیاردە هونەرییە، چونکە بەکارهێنانی (ڕەمز) تاکە ڕێگا بووە، کە شاعیران و ئەدیبان بتوانن پەنای بۆ ببەن، بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەی، کە سەپێنراوە بۆ نەتەوەی کورد لێی بێدەنگ نەبن و بە (ڕەمز) واقیعەکە بدرکێنن، لەلایەکی دی جوانی و ناسکی شیعر هەمیشە پێویستی بەوە هەبووە بە پەردەیەکی ئاماژەیی و هێمایی داپۆشرێت، هەر لەبەر ئەو هۆکارانە لێڵی و تەمومژ بووە بە بنەمایەکی بەردەوام لە شێوازی نووسین، بەگشتی بەکارهێنانی ڕەمز بەچڕی دەگەڕێتەوە بۆ دوای جەنگی دووەمی جیهان، زیاتر لەدەورووبەری ساڵانی حەفتاکان ڕێچکەی خۆی گرت.

بەواتایەکی دی؛ بەکارهێنانی ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی لە ساڵانی (1970- 2003)، بەرەو بەربڵاوی چووە و بە چڕی لە شیعری شاعیران ڕەنگیداوەتەوە، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییە نالەبارەی، کە ناوچەکە بەگشتی و کوردستانی بە تایبەتی گرتبوویەوە، هەر لە شەڕ و ڕاوەدوونان و کوشتن و ئەنفال و زیندەبەچاڵکردن و ڕاگواستن....، ئەمانە هەموو هۆکاریی سیاسیین و برەویان بە ڕەمز دا، چونکە ئەگەرچی ڕەمز وەکو ئەدگارێکی جوانکاریی و لادانی واتایی و پێویستیەکی شیعرایەتی لە چڕی و کورتبڕییدا لەدەقی شیعریی ئەم قۆناغە بوونی هەیە، بەڵام زۆری لەبەکارهێناندا، بۆ هۆکارەکانی (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی، هزری...) دەگەڕێتەوە، ئەمانە ڕۆڵێکی باڵایان لە ڕێژەی زۆری و کەمی بەکارهێنانی ئەم ئەدگارە هونەرییەدا هەیە.

کەواتە ڕەمز بەپێی قۆناغەکانی شیعری کوردیی و لایەنی دەروون و گۆڕانکارییەکانی دەرەوە: (ئاڵۆزی بارودۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و...) گۆڕاون، ڕەمزەکان چڕ و پڕتر بەکارهاتوون، تەنانەت هەندێك (ڕەمز) بەهۆی زۆر بەکارهێنانییان لەقۆناغێکدا سواون و لە قاڵبی (ڕەمزبوون) دەرچوون و ئاسایی بوونەتەوە، بە جۆرێك هەر لەگەڵ هاتنی ناوی شتەکە (دالەکە) ڕاستەوخۆ (مەدلوولە ڕەمزییەکە - دەلالەتە شاراوەکە) زانراوە، کە ئەمەش دەقی بەرەو لاوازی بردووە نەك بەهێزی، چونکە ڕەمز تا ئەوکاتە بەهێزە بیر و خەیاڵ بجوڵێنێت و قووڵی تێدابێت و هەژەندە و ڕاچڵەکاندنێکی هزری و هەستی بگرێتەخۆ، چونکە خوێنەر گۆشەیەکی سەرەکی تەواوکاری پرۆسەر هەر دەقێکە (شیعر)، بۆیە خوێنەرانیش بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری و هەستی دەربڕینیان لە تێگەیشتن و درکپێکردنی لایەنەکان و کردنەوەی ڕەمزەکان و مەودای نێوانیاندا جیاوازن، هەندێکیان (خوێنەری ئاسایی) تەنیا لایەنە دیار و ئاشکراکەی دەبینێت و لایەنە شاراوەکە و دیوی ناوەوەی نابینێت، کەچی هەندێکتر:(خوێنەری باڵا) بە ڕوون و ئاشکرایی هەستیپێدەکەن و بەئاسانی لێی تیدەگات و ئەو دیووی ناوەوەی مەبەستەکە دەبینن، بەمەش (تێگەیشتن و درکپێکردنی مەودای ڕەمز لای هەموو خوێنەران وەکو یەك نییە و جیاوازە و بەپێی ئاستی ڕۆشنبیرییان هەریەکە بەجۆرێك تێدەگەن و لێکیدەدەنەوە) (ئەحمەد، 2009: 215-216).

## 5.2. مەبەستەکانی بەکارهێنانی ڕەمز لە ئەدەبی کوردییدا:

گومانی تێدا نییە بەکارهێنانی هەر هونەرێك لە ئەدەبدا دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخێکی تایبەتی، کە ئەدەبەکەی تێدەکەوێت

و ڕەنگدانەوەی لایەنەکانی کۆمەڵگە (سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابووری...)ی بەسەرەوە دیارە، بەکارهێنانی ڕەمزیش لەمە بەدەر نییە، بەتایبەتی بۆ ئەدەبی کوردیی و کوردستان، چونکە کوردستان دەمێکە بەدەست شەڕ و داگیرکاری و ژێردەستەیی دەناڵێنێت، هەڵبەت ئەدەبەکەشی بەشێکە لە ڕەنگدانەوە و مێژووی کلتووریی ژیانی.
لەم سۆنگەوە نوسەر و شاعیران وەك تاکێکی وریا و پێشەوای ڕۆشنبیریەتی کۆمەڵگە، زۆرتر و وردتر هەستییان بە تەواوی بارودۆخەکانی کۆمەڵگە کردووە، بۆیە بەپێی قۆناغەکانی شیعریی کوردیی ڕێژە و جۆر و شێوەی ڕەمز هەڵبەز و دابەزی کردووە و بەردەوام لە گۆڕاندابوو، بەڵام بەگشتی دەکرێت بەکارهێنانی ڕەمز لە ئەدەبی کوردی و بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بۆ چەند مەبەستێك بگەڕێنینەوە:

- **مەبەستی تەکنیکی و ئیستاتیکی**: شاعیر بە مەبەستی بەخشینی بەهایەکی بەرزیی ئیستاتیکی ئاستێکی ناوازەی هونەریی بە بەرهەمەکەی و دەرخستنی توانایی خۆی لە ئەفراندنی دەقێکی لێل، بەمەستی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و ئاستی ڕۆشنبیرییەکەی پەنا بۆ ڕەمز دەبات.
- **مەبەستی پۆشین و پەنهانی خود**: ئەویش بە ئەم هۆکارانە:

1. هۆکاری ڕامیاریی: شاعیر زۆرجار بەهۆی مەبەستی ڕامیاریی و ترسی لە دەسەڵات، ڕەمز لە لە دەقەکانییدا بەکاردەهێنیت، بەمەش لەلایەك گوزارشتکردنە لە بیروڕای خۆی و ناردنی پەیامە، لەلایەکی دیکە بەهۆی ڕەمزەوە مەبەست و پەیامەکەی حەشاردەدات لە ڕاستەخۆیی، خۆشی لە ستەمی دەسەڵاتداران دەپارێزێت.
2. هۆکاری کۆمەڵایەتی: هەندێجار شاعیر بەهۆی ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتی و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە ناتوانێت بە ئاشکرا هەندێك شت دەربڕێت، بۆیە ناچار پەنا ڕەمز دەبات.
3. هۆکاری ئایینی: بەگشتی هەر کۆمەڵگەیەك پێڕەوی لە ئایینێك، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەموو تاکەکان بەم پێڕەوە ڕازی بن، بۆیە کاتێك ئەم تاکە شاعیرێك یان نووسەرێکە ڕەنگە نەتوانێت بەهۆی نەفرەت و ڕەتکردنەوەی کەسێتییەکی لەلایەن پێڕەوانی ئایینەکەوە هەموو باتەکان بڵێت، بۆیە ناچارە پەنا بۆ جۆرێك لە ڕەمز دەبات و پەیامەکەی خۆی پێدەگەیەنێت.

لەم دیدگەیەوە شاعیر سوود لە ڕەمز وەردەگرێت و جوانی و ئیستاتیکی بە دەقەکەی دەبەخشێت و سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێت، چونکە بەهۆیەوە شتێکی نادیار و ونبوو دەخاتە هزری خوێنەر، زۆرجاریش پەیوەندییەکی لێکچوونی بەهێز لەنێوان ڕەمز و بابەت- (شتە ڕەمز بۆکراوەکە)دا هەیە و وشەیەك بۆی دەبێتە کۆد و هەڵگری واتا و مەبەستێك یان زیاتر لەناو کۆمەڵگەیەکدا، هەندێك ڕەمزی تریش هەن؛ بەهۆی کرانەوەی جیهان لەبەردەم یەکتریدا دەبن بە ڕەمزی جیهانی، مرۆڤاییەتی بەکاریاندەهێنێت، کەواتە لە هەر دەقێکدا ڕەمز دوو ڕۆنانی هەیە، ڕۆنانی سەرەوە؛ کە لێرەدا مەبەست نییە و تارادەیەك ئاشکرایە، لە بنەڕەتدا خواستراوە بۆ ڕۆنانێکی تر، کە ئەویش ڕۆنانی ژێرەوەیە؛ کە ئەمە واتا ڕاستەقینە و پەنهانییەکەی شاعیرە، بەمەش وشەکان دەلالەتی ڕەمزی لەخۆ دەگرن.

بەگشتی بەکارهێنانی ڕەمز لە هەر دەق و گوتنێکدا کاریگەری خۆی هەیە، تایبەت دەقی شیعریی، بۆیە ڕەمز بە ئەدگارێکی کاریگەر و بنەمایەکی سەرەکی پرۆسەی شیعرییەت دادەنرێت، چونکە زۆرینەی شێوە و جۆرەکانی لادانی واتایی-خوازەیی بەهۆی ڕەمزەوە ئەنجامدەدرێن، چونکە وشە و دەستەواژەکان (دالەکان) جگە لە واتای فەرهەنگی خۆیان دەلالەتی نوێیان پێدەبەخشرێت، بەمەش بۆ هەر (دال)ێك جگە لە (مەدلوول)ە زانراوەکە- فەرهەنگییەکەی، مەدلوولێکی تر یان زیاتریشی لەخۆگرتووە، کە ئەمەیان مەبەستەکەیە.
ئەوەی جێگەی ڕامانە، ڕەمز چەمکێکی فراوانتری لە هونەرەکانی تری: (خواستن و لێکچواندن..) هەیە، چونکە بەجۆرێك لە جۆرەکان خودی ئەم هونەرانەش لە دروستبوونییاندا سوود لە ڕەمز وەردەگرن، بە واتایەکی دیکە؛ (چوارچێوەی ڕەمز فراوانتر و گشتگیرترە لە هونەرەکانی خواستن و خوازە... کە خۆیان دەنوێنن) (کنونی، 1997: 279)، بۆیە هێما و ڕەمزەکان کاتێك وەك ڕەگەزێکی تێکشکێنەر و وەك ڕەگەزێکی دوو سەرەیی، نابێ بکرێتە ڕەگەزێکی بناغەیی لە کاری ڕەخنەییدا، (چونکە ڕەگەزە بناغەییەکانی جیهانی (دال و مەدلوول)ەکان و سیستەمی ئاماژەکان بە یەکجار باڵ بەسەر جیهانی هێماکاندا دەگرنەوە) (ئەحمەد، 2008: ٣٨) و هەر ئەمانیش دەبنە شێوەی سیستەمی کاملی واتا، کە چەندەها سیستەمی دەلالەتی تریان لێوە دروست دەبێت، بۆیە سەرجەمی واتاکانی دەق و جیاوازی گەردوونییان دەچنە خانەی خواستن و گریمانەوە (افتراض) جیهانی بناغەیی و بزری دەقەکان نانوێنن، جگە لەمەش سەرکێشی دەقە داهێنەرەکان لەبەردەم نوشووستی دەسەڵاتی ڕەگەزەکانی ڕەخنەدا دەسەلمێنێت.


## 6.2. پەیوەندی نێوان ڕەمز و واتا:

ئەگەر زمان هۆکار و ناوەندێك بێت بۆ پەیوەندیکردن، ئەوە (واتا) ئەو چەق و پێناوەیە دەبێتە هۆی بەیەکەوە گرێدان و لە یەکتر گەیشتنی (نێرەر و وەرگر/ ئاخێوەر و گوێگر/ نووسەر و خوێنەر)، واتا و دەلالەت پەیوەستە بەو پەیوەندییە لێکبەستراوانەی بە دەنگ و وشە و ڕستە (دەربڕاو)، یان ئەو نووسراوانەی لەلایەن نووسەران دێنەکایەوە، بۆیە هەر لەسەرەتای هەبوونی مرۆڤایەتییدا (واتا) بوونی هەبووە، دواتر بۆ ناسینەوەی واتا، (ڕەمز- هێما) بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵ بۆ واتا و مەبەستەکان: (هزری- نابەرجەستە، شت- بەرجەستە) دانراون.
واتا (meaning) ؛ ئەو زاراوەیە تایبەتە بە زانستی زمان، بۆیە وا پێناسەکراوە، کە (ئەو شت و هێمایەیە، کە لە سەرچاوە (نێرەر- ئاخێوەر) دەردەچێت و دەگاتە وەرگر و گوێگر) (ئیبراهیم، 2014: 7)، هەر بۆیە گرنگی واتا لە زماندا وایکردووە، بەشێك لە زمانەوانان پێناسەی (زمان) بەوە بکەن؛ کە (بریتییە لە واتا، خراوەتەناو دەنگەوە) (عمر، 1982: 5)، کەواتە زمان بەبێ بوونی (واتا) بوونی نابێت، واتای هەر بابەت و شتێك بەستراوەتەوە بە خودی پێکهاتنی کۆمەڵ لەسەر بنەمای ڕێککەوتن، زۆرجاریش بەپێی گۆڕانکاری لە قۆناغ- سەردەم (هێما و نیشانە) و (واتا: زەینی و هەستی) لەیەکتری دوورکەوتوونەتەوە و گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە، ئەمەش بۆ زیندوویەتی زمان و پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە.

بێگومان هەر وشەیەك لە هەر زمانێکدا واتایەکی هزری یان هەستی هەیە، بەڵام کاتێك ئەم وشانە دەچنەپاڵ یەکتر و لە ئاستێکی گەورەتر: (ڕستە و دەق)دا خۆیان دەبیننەوە، واتای وشەکان بوونێکی سەربەخۆیان نامێنێت و واتای فەرهەنگی و ڕاستەقینەیی لە دەست دەدەن و بوونێکی تریان بەپێی سیستەمی پێکهاتەی ڕستە و دەقەکان لەئاستی ستوونی و ئاسۆییدا بۆ دروست دەبێت، ئەم واتایەش پەیوەستە بە ئەو چوارچێوە (سیاق)ەی، کە دەقەکەی تێدا دەربڕاوە، نووسراوە.

بەواتایەکی تر هەندێکجار بەشێك لە وشەکانی زمان لە واتایەکی فەرهەنگی زیاتر دەبەخشن، ئەوەی ئەو کۆدە و دەلالەتانە دەستنیشان دەکات و ڕەمزەکان لێك جیادەکاتەوە (بریتییە لەو دەورووبەرەی، کە وشەکانی تێدادەردەکەون) (عەلی، 2014: ٨٢)، بۆیە دەشێت بگوترێت؛ وشە بە تەنیا (فرەواتا)یە، بەڵام کاتێك دەخرێتە چوارچێوەی ڕستە و دەق، بەهۆی وشەکانی دەورووبەرەوە، بەرەو (یەك واتا)یی هەنگاو دەنێت، لێرەوە (واتا) ڕووی ناوەوەی هێمایە و لێکۆڵینەوەی دەکەوێتە ئاستی واتاسازی و پراگماتیك، کەواتە ئەگەر هەریەکە لە ئاستەکانی تری زمان (دەنگ و پێکهاتە) لە فۆڕم و ڕووخساری دەرەوەی هێما بکۆڵنەوە، ئەوە واتاسازی و پراگماتیك؛ لە دیوی ناوەوەی ئەو واتایانە دەکۆڵنەوە، کە (هێما)یەکە دروستی دەکات یان دروستیکردووە.

بەشێوەیەکی گشتی لە مێژووی زمانەوانییدا، تاکو ئێستا چەندین تیۆر بۆ شیکردنەوەی جۆری پەیوەندی نێوان وشە و شتە:(بەرهەست و زەینی)ەکان کراون، تەنانەت لە سەردەمی یۆنانییەکان هەر لە لای (ئەفلاتوون) و (ئەرستۆ)وە باس لە پەیوەندی نێوان (وشە و شت) کراوە، هەروەك لە گفتوگۆی (ئەفلاتوون و کراتلیۆس)دا، بۆیە (ئەفلاتوون) وا پێناسەی زمان دەکات، کە (بریتییە لە سیستەمێکی پەیوەندیکردن لەسەر دوو ڕەگەز کار دەکات، ئەویش دال و مەدلوولن)(ناوخۆش، خۆشناو، 2009: 191)، بەپێی ئەم تیۆرەش بێت ئەوە (دال)؛ هێمایە بۆ (مەدلول)؛ (شتی واتایی و بەرهەست)، (دال- نیشانە و مەدلول- نیشانەکراو) هەمیشە لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدان، بۆیە (واتا) لێکدانەوە و شیکردنەوەی ناوەوەی هێمایە، ئەو کۆمەڵە وێنە هۆشەکییەیە، کە بە وشە-(نووسین) یان واژە-(گوتن) دەنوێنرێت، هەر ئەمەشە وای لە توێژەران و زمانناسان کردووە، کە (زمان) وا پێناسە بکەن بەوەی؛ (بریتییە لە نیشانە و -ڕەمزە، لە نیشانە سیمبولییەکانیشدا پەیوەندی لەنێوان دال و مەدلول بەدیناکرێت، بەڵکو بەپێی ڕێککەوتنێك چێدەکرێن) (مەعروف، ٢٠١٠: ٩٥)، واتە ئەوا ئێمەین بەپێی ئەو ڕێککەوتنی ناسروشتیانە لە نێوان پەیوەندیدارێتی (دال و مەدلوول)ەکاندا دەلالەت دەچنین و مانا هەڵدەگرینەوە، ئەو چنین و هەڵگرتنەوەی مانایەش خستوومانەتە نێو سیستەمێکی ناسروشتیانە، ئەو پراکتیزەیەی تاکەکان لەسەری ڕێککەوتن بەپێی عەقڵێکی سۆسیۆ- فەرهەنگییانە، بۆ نموونە ئەوا ئێمەین بە پێی ئەو ڕێککەوتنە سۆسیۆ-فەرهەنگییە کە دامانچاندووە، ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی، کە ڕەنگەکان: (سوور، سەوز، زەرد)ی ترافیك لایتەکان (دال)ن بۆ هەڵگرتنەوەی (مەدلوول)اتەکانی لای تاکەکانی کۆمەڵگە بەواتا کاتێك (ڕەنگی سوور) بەرجەستە دەکەین، ئەوا مەدلولەکەی واتە (وەستان)ە و لە هۆشی ئێمەدا جێگەی بۆ کراوەتەوە، کەواتە ئێمە هاوشێوەی بوونەوەرێکی بەرمەجەکراو ڕاستەوخۆ لەکاتی داگیرساندنی (گڵۆپی سوور) دەوەستین، وە هەرکاتێکیش ئەو سنوورە پێشێلکراوەی، کە ڕێککەوتنێکی سۆسیۆ- فەرهەنگییانە لەسەر واژەوکراوە بپچڕێنن ئەوا ڕاستەوخۆ دووچاری (مەرگ) دەبنەوە، هەروەها بۆ واتای ئەو دیوو ڕەنگەکانی تری وەك (سەوز و زەرد) و سەرجەم ڕەنگەکانی تریش، مەدلوولات هەن و جیاوازی لەمانا هەڵگرتنەوە هەن، یان کاتێک باس لە (ڕێوی) دەکرێت، ئەوە جگە لە واتا فەرهەنگییەی کە (گیاندار)ێگە، ڕاستەوخۆش بیرمان بۆ لای واتا بارکراوەکە دەچێت، کە کۆمەڵگە لەیسەری ڕێککەوتووە، ئەویش: (فێڵبازیی و تەڵەکەبازییە)، واتاکەش دەگوازرێتەوە سەر بوونەوەرانی تر، وەك مرۆڤ، یان کاتێك ناوی (کوندەپوو) دەبیستین، ئەوە بەهەمان شێوە، جگە لە وێنەی باڵندەیەك، واتای (وێرانی و کاولکاریی)یمان دێتە پێشچاو، بە پێچەوانەوە کاتێك ناوی (کۆتر) دەبیستین، ئەوە گوزارشتە لە ئاشتی و برایەتی و خۆشگوزەرانیی، ئەمەش پشتبەستوە بە ڕێککەوتنی پێشوەختەی کۆمەڵگە لەسەر ئەم ڕەمزانە، چونکە (هەر نیشانەیەك/ ڕەمزێك تاك و کۆمەڵگە بەپێی ئەو کلتوورەی هەڵگریەتی واتایان پێدەبەخشێت و ڕەهەندێکی دەروونی و کۆمەڵناسانە لە پشتییەوە هەیە) (عەسکەر، 2009، 54)، بەواتایەکی دیکە؛ هەر مانا و مەدلوولێك کە لەودیوو پەیڤەکان هەن بریتیین لە: مانا و مەدلوولێکی سۆسیۆڕۆشنبیری.




### 7.2. دەق و واتا و دەورووبەر:

بێگومان جۆری دەق ڕۆڵێکی گەورەی لە دیاریکردنی (واتا)دا هەیە، چونکە هەر وشە و فریز و ڕستەیەك لەواتایەك زیاتریان هەیە، بەڵام جۆری دەق و چۆنییەتی دەق و ئەو چوارچێوەی تێیدا دەربڕاوە و نووسراوە، بەشێکی ئەو فرەواتایی و لێڵییە دەڕەوێننەوە و هاوکاری وەرگر و خوێنەر دەکات، تاکو بە ئاسانی لە واتای ویستراو بگات، ئەمەش بەرەو زانستی پراگماتیك ڕاماندەکێشێت، چونکە بەلای زۆربەی زمانناسەکان؛ زانستی (پراگماتیك و واتاسازی)ی پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە و دەچنە ناویەکتر، (دەقیش باشترین فاکتەرە- هۆکارە- بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو بەشە) (حسەین، 2014: ١١٤)، بۆیە (پراگماتیك) ڕۆڵێکی گرنگی لە زانستی چۆنییەتی بەکاربردنی زمان هەیە، چونکە ناتوانرێت تەنیا بەهۆی (فۆڕم)ەوە واتاکانی زمان شیبکرێنەوە، بەبێ ئەوەی بایەخ بە دەق و دەوورەبەرەکەی بدرێت، بەمەش پراگماتیك؛ ئەو زانستەیە شڵۆڤەی پەیوەندی نێوان زمان و دەق و ئەو چوارچێوەیە/دەورووبەرە دەکات، چونکە دەقەکان پڕن لە واتا، واتاکانیش زۆر لەو لێکدانەوە و شڵۆڤانە زیاترن، کە بۆ وشە و ئاماژەکانی دەقێك دەکرێن، بۆیە ڕەخنەگران و توێژەران هەمیشە لە هەوڵدان زیاتر لە لێکدانەوە و شڵۆڤەیەك بۆ هەردەقێك بخەنەڕوو، چونکە بەشێکی زۆر لە وشە و ڕستەکان لە واتایەك زیاتر هەڵدەگرن و بەشێکی تریش دەبنە داپۆشەری واتایەکی تر و ڕاستەوخۆ شت بەیان ناکەن/دەرنابڕن، بەڵکو واتا سەرەکییەکان لە(خوازە)دا

دەشارنەوە، بۆیە لەسەر توێژەر و ڕەخنەگرانی ئەدەبییە؛ بەپێی بنیاتی بابەتی و بە سـوودوەرگرتن لە پێکهاتە زمانییەکەی دەق شـلۆڤە بکەن و واتـایـان لێ هەڵبهێنجن، هەنـدێکجـاریش بەم شـلۆڤـانە ڕاڤەی جیـاواز بۆ هەر دەقێك دێتەئـاراوە، ئەمەش وەنەبێت جوانی دەق بشـێوێنێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوپەڕی ئیسـتـاتیکـا و جوانی دەق (دەقی ئەدەبی) دەردەکەوێـت و شـیعرییەتی دەقەکە بەرزدەکەنەوە و لێهاتوویی و دەسـت ڕەنگینی شـاعیر لە گرێدان و چنینی وشـەکان لە پرۆسـەی شیعرییدا بەرز دەنرخێنن.

لەم ڕوانگەیەوە؛ واتا ڕۆڵێکی گرنگ لە بنیاتی دەق دەگێڕێت، هەموو ئاسـتەکانی زمان: (دەنگ، وشـە، رسـتە) لەم پێناوەدا دێن، تـاکو خزمەت بە (واتـا) بکەن، بەمەش (واتـا) دەبێتە کۆڵەگەیەکی گرنگی دەق و وێستگەی بەیەکگەیشتنی نووسەر و خوێنەر، چونکە نووسەر بە هەڵبژاردن و دانانی ئەو وشە و رستە و دەستەواژانەی، کە لە دەقدا دەریاندەبڕێت، گوزارشت لە بیر و هەست و نەستی دەکات، کە ئەمە مەبەست لە (چییەتی گوتنی) دەقەکەیە، تەنانەت لەمەش زیاتر دەکات؛ بە دانـان و دانەپاڵیەك و ڕێکخستنی وشـەکان و واتای نوێ دروستدەکات، ئەمەش مەبەسـت لە (چۆنیەتی گوتنی) ئەو مەبەسـت و ئیسـتاتیکایەیە، کە دەیەوێت دەقەکە بەم شـێوازە چێژبەخش بکات، بۆیە خوێنەر لە ڕێگای زانینی چۆنییەتی چنینی دەقەکە و بەهەڵهێنان و تێگەیشـتن لە واتاکە و کردنەوەی کۆدەکان، بە هزر و مەبەسـتی نووسـەر ئاشـنا دەبێت، ئەم ئاشـنابوون و تێگەیشتنەش لەلایەك دەوەستێتە سەر چۆنیەتی گوتن و نووسین لەلای نووسـەر و لەلایەکی دی پەیوەسـتە بەو پاشـخانە ڕۆشـنبیریی و هزریی و فەرهەنگیی و ئەدەبییەی خوێنەر، چونکە هیچ دەقێك لە واتا خاڵی نییە، بەڵام واتا و مەبەسـتی دەقەکان بەپێی پێکهاتە و ئەرك و بنەمای زمانی هەر ژانرێك دەگۆڕێن، کە لێرەدا (چییەتی) گرنگە، بەڵام گەر چۆنییەتی بوونی نەبوو ئیتر چییەتیش ـــــ واتـاش دوور دەکەوێتەوە لە مەبەست و خواستە سەرەکییەکەی نووسەر.

هەروەکو دەزانرێت؛ زمان بنەمای سەرەکی ژانرەئەدەبییەکانە، بەڵام چۆنییەتی بەکاربردن و هاتنی ئەم بنەمایە لە ژانرێکەوە بۆ ژانرێکی تر دەگۆڕێـت، وەك؛ ئەوەی (زمـانی دەقێکی وتـاری)ی لە (زمـانی دەقێکی شـیعری)ی جیـادەکـاتەوە: ئەو شێوازە سادە و بێ گرێ و گۆڵەیە، کە هەیەتی، چونکە وشەکان بە واتای فەرهەنگی خۆیان بەکارهاتوون، تەنانەت لە شێوازی پێکهاتەییشـدا بەشـێوەیەکی زۆر پێڕەوی بنەماکانی زمانەکەی دەکات، کەچی لە شـیعردا بە پێچەوانەیە، زمان و وشـەکانی زمـان تژین لە ڕەمز و خوازە، لە واتـای فەرهەنگی خۆیـان دوورخراونەتەوە و واتای نوێیان لێ بارکراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە پرۆسـەی پێکهاتندا دەسـتوور و یاسـاکانی زمان وەلا دەنێت و ئازادانە هەوڵی دووبارە بنیاتنانەوەی دەدات، بەڵام کام بنیاتنانەوە؟

+بنیـاتنـانەوەیەك؛ کە شـاعیر بەپێی جیهـانبینی خۆی و تێگەیشـتنە هزری و ڕۆشـنبیرییەکەی بۆ بابەتەکە هەیەتی، بەرەچـاوکردن و پەیڕەوکردنی شـیعرییەتی دەقەکە، چونکە ئەگەر ئەرکی زمـان لەدەقی وتـاریدا تەنیـا گەیـاندنی(پەیـام - مەبەست) بێت خەمی (وتارنووس)یش بەدەستهێنانی تێگەیشتن و گەیشتنە مەبەست بێت لای خوێنەران، ئەوە ئەرکی شـاعیر لەوە قورسـتر و سـەختترە، خەمی (چێژ و جوانی) بەر لە هەموو شتێکە، بەمەش شیعر هەم چێژبەخش و جوانە هەمیش پەیامێك یان زیاتری بەشێوەیەکی پەنهان لێ باردەکرێت یان لێ بارکراوە، کەواتە جیاوازی زمانیش لەم دوو ژانرە بۆ ئەرکی هەریەکێکیان دەگەڕێتەوە. (کەریم، 2017: ٢٣).

بەواتـایەکی دیکە؛ ئەگەرچی (چییەتی گوتن) لە دەقدا گرنگە، بەڵام (چۆنیەتی گوتن)یش دوو بەقەد ئەوە لە پرۆسەی نووسینی شـیعرییدا پڕ بایەخە، چونکە زمانی شـیعریی (جگە لەوەی هۆکارێکە بۆ بەرهەمهێنانی کاری پڕ داهێنان و تازەگەریی و سـەرپەڕکردنیشـیان بۆ ئاکامی سـەرنجڕاکێشـانی هونەریش دەسـتێکی باڵای لە جوانی و ئیسـتاتیکادا هەیە) (مەحموود، 2009: 156)، کە ئەمەش بەهۆی لادان لەبـاو (بەگشـت لایەنەکـانـیـیەوە) و بـارکـردنـی واتـای نـوێ لە وشـە و سـوودوەرگرتن لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی، ئەو ئامرازانەن بەدەسـت شـاعیر؛ تاکو دەقێکی لەم جۆرە دابهێنێت، لەلایەکی دی زۆرجار شـاعیر ناچارە بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی هەیە لە (ترس و بەرەنگاری)ی لەباری (سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی ...)، وشە لە واتای ڕەسەن دووربخاتەوە و واتای نوێ لە وشەکان بار بکات، بۆ ئەمەش سوود لە ڕەمز و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ئیدییەم و ئەفسانە و .... وەردەگرێت، بەمەش دەق دوو لایەن/دوو ڕۆنـانی بۆ دروسـت دەبێت، لایەنی یەکەم: (ڕۆنانی دەرەوەی دەق)ە؛ کە پەیوەسـتە بە ئاسـتی سـەرەوە و دەشـێت هەموو خوێنەرانی زمانەکە تێبیگەن، کەچی لایەنی دووەم: (ڕۆنانی ژێرەوەی دەق)، کە ئەمە مەبەسـت و ویسـتە سـەرەکییەکەی شـاعیرە و (خوێنەری کارا) نەبێ بۆی ناچێت، چونکە ئەم خوێنەر دەتوانێت (دووبارە ئاسـۆی پێشـبینییەکانی ڕابردوو بکـاتەوە بە کۆد، لە سـیـاقە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و...) (خۆشـناو، 2019: 127)، چونکە وەك دەزانرێت لەم حاڵەتانەدا وشـەکان گوزارشـتی زیاتر دەدەن، لەوەی کە لە ڕۆنانی سـەرەوەدا هەن، بەمەش دەق لەبەردەم ڕاڤەی جیا و دەلالەتی تـازەدا خۆی دەبینێتەوە، بۆیە جۆرێکی تری لادان لە ئـاسـتی واتـایی بەهۆی لایەنی لادانی خوازەیی لە وشـە و دەسـتەواژەی خوازانە دێتەکایەوە، کە شـاعیر بە مەبەسـت لە دەقەکەییدا بەکـاریهێنـاون، هەر ئەمـانەش دەق بەرەو لادانی ڕاڤەیی دەبەن.

## 3. جۆرەکانی ڕەمز شـیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت و قوبادی جەلی زادە)دا.

بەشێوەیەکی گشتی شارەزایان و لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی بۆ جۆرەکانی (ڕەمز) چەندین پۆلێنیان خسـتۆتەڕوو، بەڵام لێرەدا تەنیـا بـاس لەو جۆرانە دەکەین و ڕاڤەیـان دەکەین، کە لە دەقە شـیعرییەکانی شـاعیران (نەوزاد ڕەفعەت و قوبادی جەلی زادە)دا بەدیدەکرێن، ئەوانیش:

### 1.3. ڕەمزی خودی ـ تاکی:

ڕەمزی خودی سـەرچاوەی داهێنانەکەی خودی شـاعیرە و پەیوەستە بە هزر و بیری شاعیرەکە خۆی، چونکە هەر تاکێك جیهـانبینییەکی تـایبەت بەخۆی هەیە و حەز و خولیـایەکی تایبەتیش لە ناخ و دەروونییدا هەیە، بۆیە ڕوانینی شـاعیر بۆ دیاردەکانی ژیان و ژیاریی دەورووپشتی و بەدیهاتن و نەهاتنی خەونەکان و ئەو بارە دەروونییەی تێیدایە یان تێیدابووە، لەگەڵ ئەو کـاردانەوە و بەرهەڵسـتیـانەی بەرانبەر ئەو ڕەوش و بارودۆخەی، کە لە ژینگەکەییدا دەگوزەرێت، سـەرچاوەیەکی گرنگن بۆ دروستبوونی ڕەمزی خودی.

هەندێكجاریش شاعیر سوود لە ڕەمزە كۆنەكان وەردەگرێت و دەستكارییان دەكات و واتایەكی نوێیان پێدەدات و بەكاریان دەهێنێت.(حەمەساڵح، 2015: 72)، كە بەكارهێنانەكەی بەجۆرێكی بەربڵاو نییە، بەڵكو دیاریكراوە بۆ مەبەست و مەرامێكی تایبەتی و خودیی شاعیر، تەنانەت ڕەنگە ئەم جۆرە ڕەمزە لە چەند دەقێك زیاتر دووبارە نەبنەوە و بەرەو لەناوچوون بچن، ئەوەی جێگای باسە ئەم جۆرە ڕەمزانە زیاتر لە لایەنی چۆنیەتی لادانی واتایی لە (شێوەی خواستن و خوازەدا خۆیان نمایش دەكەن)(بڕوانە: گەردی، 2004: 260)، وەك (نەوزاد ڕەفعەت) یەكێكە لەو شاعیرانەی خودییەتێكی زۆر لە دەقەكانییدا بەدیدەكرێن و (بە ئیستاتیكایەتی بەهێز و دەقە شیعرییەكانی مەزراندوون و وشەكانی بە ئاگایێكی قووڵەوە هەڵبژاردوون) (محەمەد، 2023: 82)، بۆیە ئەگەر لە دەقی شیعری (دارستانی ئەو بنارە)دا ڕابمێنیین، باشتر ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، وەك دەڵێت:

**بینیم كەژ سەریان نابوو بە ....**

**گوێی دەشت و لێرەكانەوە و دەیانچرپاند**

**بەسەرهاتی كوژانەوەی كەفوكوڵی**

**دەریایەكیان ڕادەگەیاند**. (ڕەفعەت، 2015: 55)

شاعیر لەم دەقەدا دوو وشەی هێناون بۆ بابەت و شتێكی دیكەی خواستوون و واتاییەكی دیكەی لێ باركردوون، ئەمەشی بە جۆرێك لە لادان و بەكەسكردن و پاردۆكسییەت ئەنجامداوە، بۆیە خوێنەر هەر زوو هەست بەم لادانە لۆژیكییانە دەكات، چونكە نە (كەژ) توانای ئاخاوتنی هەیە، نە (دەشت و لێر) توانای بیستنی هەیە، بەڵكو ئەمانە سیفەتی مرۆڤن و كەچی شاعیر بۆ ئەمانی خواستووە، بەمەش (كەژ و دەشت) بۆتە ڕەمزی كەسانی ناو كۆمەڵگەی كوردیی، كە بە پەرۆش بوون بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی، واتاكە ڕوونتر دەبێتەوە كاتێك دەڵێت: (بەسەرهاتی كوژانەوەی كەفوكوڵی دەریایەكیان ڕادەگەیاند)، ئاخر دەریا گڕ ناگرێت تا خامۆش ببێت و بكوژێنرێتەوە، بەڵكو شاعیر ئەمەی وەك ڕەمزێك بۆ (شۆڕش و بەرخودان) بەكارهێناوە.

بەواتایەكی دی: شاعیر باس لەو ساتانە دەكات، كە (ڕژێمی بەعسی عێراق) بەڵێنی بە (گەلی كورد)دا، تا مافی ڕەوای پێبدا، بۆیە شۆڕشی (ئەیلوول) هەرەسی هێنا و توایەوە، كە ساتێكی ناخۆش بوو بۆ گەلی كورد، بۆیە حاڵەتی گواستنەوەی ئەو دەنگۆیە لای خەڵك دەستاودەستی دەكرد و بڵاودەكرایەوە، دواتر ڕژێم پاشگەزبوویەوە لە بەڵێنەكانی و كوردیش دووبارە ئاگری شۆڕشی تاودایەوە.

بەمەش شاعیر وشەكانی (كەژ دەشت) بۆ ڕەمزی (خەڵك/ گەل) و (دەریا) بە واتای (شۆڕش) هێناوە، تەنانەت لە شیعرێكی تریشدا، هەر لە كێڵگەی واتایی (ئاو)دا، وشەی (زێ)ی هێناوە و وەك ڕەمزی (شۆڕش) بەكاریهێناوە، وە لە شیعری (دۆڵی كپ)دا، دەڵێت:

**پێكەوە شەونخونیمان بەدیار ئەو زێیەوە كێشا**

**هاوڕێمانە و كە تەنگاودەبین دەبێتە**

**دەوەن و حەشارمان دەدات**. (ڕەفعەت، 2012: 22)

شاعیر باس لەو ساتانە دەكات، كاتێك شانە نووستووەكانی شار مەترسییان لەسەر دەبوو، ڕاستەوخۆ ڕوویان لە شاخ و شۆڕش دەكرد، ئەمەش لەو حاڵەدا ڕوونتر دەبێتەوە: كاتێك باس لە (شەونخوونی كێشان) دەكات بەدیار (زێ) و دواتر لە كاتی ترس و هەڕەشە هەر ئەو زێییە، كە دەبێتە مای ڕاماڵین و خنكاندنی دوژمنان بۆ ئەوان دەبێتە لانكەی ژیان و دەوەنی سەوز و بەهاریی.

لێرەدا (دەریا- زێ) ناوێكی خواستراوە بۆ (شۆڕش)، بەمەش (زێ) لێچووە، لە (شۆڕش)، ڕووی لێكچواندنەكەش لە سیفەتەكانداییە، لە بەهێزی و ڕاماڵین.

هەروەها لە شیعری (كێشە)دا، دەڵێت:

**دە ڕادیۆكە نزم كە، با**

**تۆزێك گوێ ڕادێرین بۆ (با)...** (ڕەفعەت، 2004: 224)

لێرەدا وشەی (با)، لای شاعیر دەلالەتی خۆی هەیە، چونكە بەهۆی ئەوەی (با) لە بنەڕەتدا بوونێكی بەرجەستەی نییە و نابینرێت، بەڵكو لە ڕێگەی هێز و بەهێزی تەوژمی لوولدان و لەرینەوە و ڕاپێچكردنی تەن و دار و شتەكانی تر هەستی پێدەكرێت، تەنانەت هۆكارێكیشە بۆ گواستنەوەی (تۆ)ی ڕووەك و گوڵەكان بۆ شوێنێكیتر و بەمەش (تۆ)مكە لەو شوێنەی گیرساوەتەوە، دووبارە دەڕوێتەوە و گەشەدەكات و دەبێتە گوڵ و ڕووەكێكی دی، ئەم هەموو تایبەتمەندییەش بەسە بۆ ئەوەی شاعیر (با) وەك ڕەمزێك بۆ (پێشمەرگەی پارتیزان)ی بەكاربێنێت، كاتێك شەوان لە (بۆسە)دا بوون، یان بەسەر شوێنێكییان دادەدا و چالاكییەكییان ئەنجامدەدا، بەمەش نە كەس دەیدیتن و نە كەس دەیزانێ كێن، تەنیا ئەوەبوو: كە شوێن چالاكییەكانییان دیاربوو، ئەمەش بۆتە ڕووی لێكچواندنی (با) و (پێشمەرگەی پارتیزان). با = پێشمەرگەی پارتیزان

هەروەها (قوبادی جەلی زادە)ش لە شیعری (پشكۆی سپی)دا، بەهۆی تێڕوانیی بۆ ڕووخسار و قەد و قامەت و قامكی (دلبەر)ەكەی، دەڵێت:

**بیرت دەكەم**

**بەفر...**

**بەفر، بەفر**

**بیری چاوە ڕەشەكانت..**

**بیری دەست و پەنجە گەرمەكەت...** (جەلی زادە، 2007: 282)

شاعیر لێرەدا وشەی (بەفر)ی وەك ڕەمزێك بۆ (كەسی بەرانبەر) خواستووە، ئەویش بەهۆی ئەو ئەدگارانەی، كە (بەفر) هەیەتی، لە (ڕەنگی سپی) و شێوەی (كپ)ی، (نەرم)ی و (زوو توانەوە)...، ئەمەش لە بەرانبەر (یار)ەكەی: لە (ڕووخساری سپی و بێگەردی)، لە (دوانی لەسەرخۆی و ئارامی و گفت ولفتی هێمنانەی) و لە (نەرمی لەش و لار و سینەی) لە (هەستنەكردن بە ڕۆیشتن و خێرایی كات، كاتێك لەگەڵ یارەكەیدایە)، ئەمەش تایبەتە بە خودبینی شاعیر و (بەفر)، كە بۆتە ڕەمز بۆ (یار/دلبەر)، بەمەش شاعیر (بەفر)ی وەك لێچووی ڕووی یارەكەی بەكاربردووە.

**هەروەها شاعیر لە شیعری (دەریاد) دەڵێت:**

**دوو دووند لە چیایێ زیز بوون**

**پەنایان بردە بەر سینگت...** (جەلی زادە، 2007: 29)

شاعیر لێرە وشەی (دووند)ی وەك ڕەمزێكی خودی بەكارهێناوە، كاتێك بە مرۆڤی كردوون، چونكە ئەو دوو (دووند)ە سەریان لە ترسی سەرما و سۆڵە هەڵگرتووە و پەنایان بۆ (سینگ)ی ئافرەتێك بردووە، لەوێش داڵدەدراون.

شاعیر لێرەدە مەبەستی هەر دوو (مەمك)ی ئافرەتن، بەڵام (دووند)ی شاخی وەك ڕەمز بۆیان خواستووە، بەمەش هەم ئەوان (دووندی شاخ) گەرمییان بۆتەوە، بەهۆی (گیران و دەست لێدان) و هەمیش بۆ ئافرەتەكە بوونەتە مایەی جوانی و

چێژ، واتە لێرەدا (دووند) لێچووە و (مەمك)یش بۆتە لەوچوو، ڕووی لێکچواندیش لە قیتی و بڵندی دایە.

### 2.3. ڕەمزی گشتی:

سەرچاوەی دروستبوونی ڕەمزی گشتی ڕێککەوتنی کۆمەڵگە و نەتەوەن لەسەر (دال)ێك، کە جگە لەو واتایەی خۆی دەلالەت و (مەدلوول)ێکی تریش دەگرێتەخۆ، تەنانەت زۆرجار ئەم ڕەمزە گشتییە سنووری کۆمەڵگە و نەتەوەش دەبەزێنێت و دەچێتەناو چەندین نەتەوە، یان دەبێتە ڕەمزێکی جیهانی، کە هەموو جیهان و نەتەوەکان لەسەری کۆکن، لەم دیدگەیەوە ڕەمزی گشتی دەبێتە چەند جۆرێك:

#### 1.2.3. ڕەمزی ئەفسانەیی:

ئەفسانەکان سەرچاوەیەکی گەورە و پڕ بایەخی هزری مرۆڤایەتیین و سیمایەکی گرنگی دەقی ئەدەبی هاوچەرخن، شاعیران و نووسەران زۆر سوودیان لێ وەرەگرتوون، هەر لە ناوی کەسایەتییەکان و شوێن و کارەسات و ڕووداوە ئەفسانەییەکان ...، کە وەکو ڕەمز بۆ مەبەستێکی نزیك لە سەردەم خوازراون و بەکارهاتوون.
بەگشتی شاعیرانی هاوچەرخیش بەهۆی کاریگەربوون بە ئەدەبی ئەوڕوپی و قوتابخانە نوێیەکانی (سیمبۆلیزم و داداییزم و سوریالی و...) چوونە دەرەوەی چەند شاعیر و دەستە شاعیرێك، ڕاستەوخۆ ئاوێزانبوونە بە ئەدەبی جیهانی و سوودیان لە ئەفسانە و ڕەمزە جیهانییەکان وەرگرتووە، هەندێکی تریش بەهۆی زانینی زمانی بێگانە یان کاریگەری وەرگێڕانەکان، بە ڕەمزە ئەفسانەییەکان ئاشنابوونە، بۆیە بەکارهێنانی ڕەمزی ئەفسانەیی لەم قۆناغەدا بەشێوەیەکی بەربڵاو بەدیدەکرێت، چونکە شاعیر لەلایەك بەهۆی ئەو بارودۆخە ناوەکی (دەروونی) و بارودۆخی دەرەکی (سیاسی و کۆمەڵایەتی)، کە تێیدا دەژی و ژیاوە مەبەستەکەی بە وشە و واژەیەکی ئەفسانەیی پەردەپۆشکردووە، لەلایەکی دیکە بۆ خۆ بەدوورگرتن لە سادەیی و ساکاری و جیاکردنەوەی زمانە شیعرییەکەیی و پێدانی ئیستاتیکای واتایی و بەرزکردنەوەی ڕادەی شیعرییەتی دەقەکەی و ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و کاریگەری خستنەسەر بیرکردنەوەی خوێنەر، هەوڵیانداوە ئەم ڕەمزانە لە دەقەکانییان بەکاربهێنن، (نەوزاد ڕەفعەت) خودی دیوانی (شینی شالوور)ی لەسەر ئەم بنیاتە هەڵچنییوە، وەك لە سەرەتای دەقەکەدا دەڵێت:

**ئەی تراقیا**
**کە باخەوان**
**دڵڕەقتر بێت لە ڕەشەبا**
**شالوور هانا بۆ کێ ببا؟!**
**خۆشخوێنی تاکی گوڵستان**
**دەیچریکاند: تیریو... تیریو..**
**بێهوودەبوو....**
**شا تیریۆس گوێی ئاخنرابوو**
**بە زێڕ و زیو..** (ڕەفعەت، 2014: 9)

لەم دیدگەوە شاعیر سوودی لە ئەفسانەی (شا تیریۆس و فلۆمێلای وێرانە خاکی)ی (تۆماس ستێرنز ئیلیۆت) وەرگرتووە، ئەو ئەفسانەیەیی، کە (شا تیریۆس)ی پاشای (تەرەقیا)، دوای دەستدرێژیکردنە سەر کچێکی جوانکیلە بە ناوی (فلۆمێلا)، کە خوشکە ژنی خۆیەتی، بۆیە لە ترسی ئاشکرابوون و درکاندنی ڕاستییەکان و لەدەستەدانی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی و زمانیشی لە لایەن خودی (دەستدرێژیکەر- شا تیریۆس) دەبردرێت، بەمەش (فلۆمێلا) ناتوانێت هیچ لە بارەی تاوانە قێزەونەکە بدرکێنێت، بۆیە (خوداوەندەکان) (بەزەییان بە فلۆمێلا دێتەوە و دەیکەن بە باڵندەی شالوور، ئیدی فلۆمێلای شالوور لە حەژمەت ئەو تاوانە گەورەیەی، کە شاتیریۆس لەگەڵیدا کردوویەتی، شار بە شار و دێ بە دێ دەگەڕێت و و شین دەگێرێت) (خۆشناو، 2019: 254)، بەمەش شاعیر بەهۆی ئەم ڕەمزە ئەفسانەییە مەبەستییەتی واتایەکی دیکە بدرکێنێت، ئەویش مەبەستییەتی بڵێت: ئافرەت چەشنی باڵندەیەکی بێ گوناهە و (زمان) تاکە چەکییەتی بۆ بەرگریکرن لە خۆی، کەچی لە لایەن نێرەکانەوە زمانەکەشی پێ ڕەوا نابینن، بەڵام ئەو بە بێ زمانیشەوە ئەو ئاوازە غەمناکە دەچریکێنێت، کە دڵ و دەروونی هەمووان (تایبەت زۆرداران) دێنێتە هەژان، بەمەش شاعیر لەسەر زار و (زمانی کەسێك لە کەسەکانی- ناو چیرۆکەکان دێتە دوان- هەندێکجار دوانەکەبەستنەوەی ڕوداوێکی کۆنە بە ئێستاوە، یان بە بیر و ئایدۆلۆژیایەکی پێدەردەبڕێت) (مولوود، 2008: 37)، بەمەش (شالوور/ باڵندە) و (فلۆمێلا/ ئافرەت)ی بەیەکچواندووە، ڕووی لێکچواندنەکەش لە (بێگوناهی و شین و هاواری بێدەنگ و تێنەگەیشتنی خەڵکانە لە ئازارەکانی ئافرەت و باڵندە)یە.

یان لە بەشێکی شیعری (گۆشەگیری)یدا، باس لە ئەفسانەیەکی یۆنانی دەکات، دەڵێت:

**ـ گەر ئازاری سەختی ویژدان**
**چاوی بە گورگە مرۆڤ و کوند پەرستیش کوێر کردبان**
**چەندان ئۆدیب ـــ ی کۆماوەت**
**لەبن دیوار و چایخانە و بەر دەرگای ماڵاندا دەدین**
**لە تاریکیی گۆشەگیری و دووره پەرێزیدا دەژین**
**یا لە کۆڵان و شەقام و بازاڕدا بەتاقی تەنیا**
**دەست و پێ و گاڵۆك دەکوتن**
**ـ چۆن بەتەنیا ؟!**
**ئەنتیگۆنا ـ ی بەوەفاش لە تەکیانەوە**
**هەنگاوی هەڵنەدەهێنا؟!** (ڕەفعەت، 2004: 224)

شاعیر بە سوودوەرگرتن لە ڕەمزە ئەفسانەییەکان (ئۆدیب و ئەنتیگۆنە)، بە شێوەیەکی تەنز- گلەیی ئاراستەی دەوروبەری دەکات، بۆیە دەڵێت: گەر ئێستاکە (هەستی ئازاری ویژدان و هەستی ڕازی نەبوون و قبوڵنەکردنی زۆرداری هەبووایە) ئێستا چەندان ئەفسانەی تری وەك (ئۆدیب و ئەنتیگۆنە)مان هەبوون، بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان؛ ئەفسانەی (ئۆدیب) نزیکەی (دە) سەدە بەر لە لەدایکبوونی (مەسیح) بۆ یەکەمجار لەلایەن (هۆمیرۆس) گێڕادراوەتەوە، دواتر لەوەوە بە نەوەکانی دوای خۆی گەیشتووە، هەندێکیش دەڵێن: دوای (هۆمیرۆس) بەتایبەتی لە سەدەی (پێنج)ی پێش لە دایکبوونی (مەسیح)دا (سۆفۆکلیس) بە ئیلهام وەرگرتن لە بەرهەمەکانی (هۆمیرۆس) ئەم ئەفسانەی بەپێی بۆچوونی تایبەتی خۆی داڕشتۆتەوە، وەك ئەفسانەی (ئۆدیب پاشا)، کە باس (لەو پاشایە دەکات کە بەهۆی نەفس و نەزانینەوە، باوکی خۆی دەکوژێت و دایکی مارە دەکات، دوای ئەوەی پێیدەزانێت، چاوەکانی خۆی دەدەهێنێت)، ئەمەش بەواتای (ئەنجامدانی هەڵەی نەزانراو و خۆدانە دەست هەست دێت) و هەروەها ئەفسانەی (ئەنتیگۆنە)ش باس لە(کچێکی ئازا و خاوەن هەڵوێست و بڕوا بەخۆبوو دەکا، بۆیە بێ ترس سنووری ڕێساکانی پاشایەتی دەشکێنێت ملکەچی فەرمان و دەسەڵات نابێت، بەبێ ترس بەرەو ڕووی مردن

دەروات، دەیەوێت بە ویژدانەوە بژی و بە مەردانە بمری)، توانای ئازایەتی و چاونەترسـی هەریەکە لە پاڵەوانەکانی ئەم تراژیدیایانە (ئۆدیب و ئەنتیگۆنە) لە سـەرووی تواناکانی مرۆڤەوەیە.

هەروەها لە شـیعرێکی دیکەدا، باس لە خەیاڵ بڵاوی نەیاران دەکات و دەڵێت:

**ئەوەتا وا بەم ڕۆژە تۆف و دژوارە**
**لە دوورەوە**
**ڕاوچییەکم لێوە دیارە**
**بەچنگەڕنێ بە خڕو**
**لاپاڵی ڕژد و کوچەڕێی**
**شوێنی عاسێی بەتەموومژ و هەوردا**
**هەڵدەگەڕێ**
**چاو پڕ لە ڕق دەگێڕێ**
**با هەر بست بەبست بگەڕێ و**
**پێی بە تیشە بەردی ڕێگای کەژە مەزنەکان بکوترێ**
**بێهودەیە**
**چۆن باوکە قەقنەس ڕاودەکرێ؟!**
**ئاگر دەپێکرێ؟؟!**
**دەگیرێ؟!** (ڕەفعەت، 1992: 72- 73)

لەم دەقەدا شـاعیر خۆی بە بە باڵندەی (قەقنەس) دەچووێنێت، کە باڵندەیەکی ئەفسـانەییە، گوایە لەکاتی هەڵهێنانی هێلکەکانیدا باڵەکانی لێکدەدات ئاگر بەهۆی ئەو لێکدانەوە دەکاتەوە خۆی دەکاتە قەرەبووت، هەندێکی دیکە: دەڵێن ئەو باڵندە ئەفسـانەییە لە بەرزایی ئاسـماندایە و (زۆر لە خۆرەوە نزیکە) و دەچێتە سـەرووی بەرگە هەوا، لەوێش کـاتێـك هێلکەکەی دەکـات و خۆشـی لەبەر گەرمی و نزیکی لە خۆر دەسـووتێت و دەبێتە قەرەبووت- خۆڵەمێش و دواتر وەك سـێبەر بەسـەر هێلکەکە دەمێنێتەوە تا دەترووکێ، هەندێکی دیکە پێیان وایە: ئەو باڵندەیە لە چیـای(قـاف)ە، زیکەی سـەد سـاڵ دەژی، دواتر خۆی دەسـوتێنێت، بۆ خۆ سـوتاندنەکەشـی هەندێك پوش و پەڵاش کۆدەکاتەوە، دواتر ئـاوازێـك دەخوێنێ بە کونەکـانی دەنووکی (دەنووکی وەك شمشاڵ کون کونە) و دواتر باڵ لەیەك دەدات و ئاگر دەکاتەوە، بەمەش قەقنەسێکی تر لە خۆڵەمێشـەکەی ئەو یا لە سـووتانی ئەودا دروسـت دەبێ، بەمەش شـاعیر باس لەوە دەکات کە، سووتان کار لە قەقنەس ناکات، چونکە لە لایەك ئەو خۆی پێکهاتە و دروستکراوی گەرمییە و لەلایەکی دی گەرمی لەوەوە سـەرچاوە دەگرێت بۆ نەوەکانی، شـاعیر ئەمەی وەك ڕەمزێـك بـۆ خـۆی بەرانـبەر بە نەیـاران/نەیـارانـی کـورد بەکاهێناوە، کە وەك ڕاوچییەك هەمموو کات بە دوای کوردەون، بەڵام ئێمە سـڵ لە گڕ و ئاگر سـووتان ناکەینەوە، لە کاتێکا خۆمان ڕۆڵەی گڕ (کاوە/ نەورۆز)و ئاگرین.

لێردە (شـاعیر) لێچووە و (قەقنەس) لەوچووە، ڕووی لێکچواندیش لە (سووتان و قوربانیدانە).

هەروەها (قوبادی جەلی زادە)ش بۆ چنینی دەقەکانی سـوودی زۆری لەم جۆرە ڕەمزە بینیوە، وەك لە بەشـێکی شـیعری (سترانی سەراب)دا، دەڵێت:

**گەر شلێپەی ڕووبارە قڕ سەوزەکانی ئازادیمان پێ ڕەوا نابینی**
**گەر پەپوولە دەنگ خۆشەکانی جوانیمان پێ ڕەوا نابینی**
**ئیدی سەمای ئەم سەفەری سیزیفە هەتاکەی؟!**
**ئیدی سەدای ئەم سترانی سەرابە تاکەی؟!**
**خودایە..** (جەلی زادە، 2007: 354)

شـاعیر سـوودی لە ئەفسـانەی یۆنانی وەرگرتووە، ئەویش بە خواستنی ناوی کەسایەتی (سیزیف)ە، چونکە (سیزیف) بەهۆی یـاخی بوونی لە ڕێنمـایی و ڕێسـای خواوەنـدەکـانی یۆنـان سـزادراوە، سـزاکەشـی (هەڵگرتنی بەردێکی گەورە و قورس بووە بە پشت بۆ سەر چیایەکی بەرز) (بڕوانە: کامۆ، 2006)، چەنـد جـارێـك ئەم کـارەی ئەنجـامـداوە، بەڵام هەموو جـارێـك بەردەکەیان دەهێنایە خوارەوە (غلۆر دەکردەوە)، دواتر دەبوو هەمـان کـار دووبـارە بکـاتەوە، بۆیە ئەمەش بۆتە هێمـایەك لە بواری ئەدەبی بۆ ئەو کارانەی، کە زۆر دووبارە دەکرێنەوە و بێ ئەنجامن، بۆیە شـاعیر ڕووی دەمی دەکاتە خودا و جۆرێك لە گلەیی نامە و پاڕانەوەی ئاراسـتە دەکات، ئیتر بەسـە تاکەی ئەو ڕەنجەڕۆ و مـاڵوێرانییە، وەك سـێزفـان لێهـاتووە، هەر هەوڵئیدەین و پێش گەیشـتن بە لووتکە غلۆر دەبینەوە، هەر کۆڵنادەین و دووبارە لە بنارە دەسـتپێدەکەین بۆ لووتکە، ئیتر هەر بێ ئەنجامە و بە مەبەست ناگەین

ماوەتەوە بڵێین: چیرۆك و سەربردە و شتە ئەفسانەییەکان لەناو جیهـانی هۆنراوەی هەر شـاعیرێکدا، جۆرە تەمومژیەك بە شـیعری ئەو شـاعیرە دەبەخشـێت، دیارە گرنگی ڕەمزی ئەفسـانەییش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە مرۆڤ یان شـاعیر دەتوانێت بەهۆیەوە شـتە نهێنی و تایبەتییەکانی ژیانی خۆی پێ دەربیڕێت.

**2.2.3. ڕەمزی مێژوویی:**

مێژوو یەکێکە لەو سەرچاوە دیار و پڕ بایەخانەی شاعیران بۆ چنینی دەقەکانییان سـوودی لێوەردەگرن، ئەویش لە گۆشـەی ئەو (ڕووداو و کارەسـات و بەسـەرهات)انەی کە ڕوویانداوە، چونکە لە هەر ڕەوتێکی مێژووییدا (ڕووداو، کەسایەتی، شوێن و کات، ...) ڕۆڵێکی گرنـگ دەگێڕن، بۆیە دەبن بە شـوناسـی (ڕەمز)یی بۆ شوێن و قۆناغ و بابەتەکە، بەواتایەکی تر شاعیر لە پێکهاتەی دەقەکەییدا پەنا دەباتەبەر (ناوی کەسایەتییەکان یان شـوێن و ڕووداو و مەبەسـتەکـان)، کە بوونەتە ڕەمز لە مێژوودا، بە ئەمرۆیان دەبەسـتێتەوە و لێکچواندنێکی بابەت و لایەن و ڕووداو یان کەسایەتییەکان دەکات.

ئەوەی جێگای ڕامانە هەر لە گۆشەی مێژوودا دەشێت (ڕەمزە نەتەوەیی و نیشـتیمانی)یەکان بەلایەنی (ئەرێنی و نەرێنی) یان باشتر بڵێین: بە (سەرکەوتن و شکست)ەکانەوە، ببن بە ڕەمزی مـێـژوویـی، کە بەسـتـراونەتەوە بەو نەتەوە و ڕووداو و کارەسـاتانەی، کە لە ڕابردوو بەسـەر نەتەوەکەدا هاتوون و بوونەتە سـیمایەکی ڕەمزیی بۆ نەتەوەکە، وەك (هەڵەبجە) لە بنەڕەتدا ناوی شارێکی کوردستانی باشوورە، کەچی لە ڕەمزی نەتەوەی کورددا، بۆتە ڕەمز و نیشـانەی (چەوسـاندنەوەی نەتەوەی کورد) بەدەسـت (ڕژێمی بەعس)ەوە، ئەویش بەهۆی ئەو کیمیابارانەی لە ساڵی (1988)، کە بێ بەزەییانە لە شارەکە ئەنجامییدا، لە ئاکامدا بووە هۆی شـەهیدبوونی (پێنج هەزار) کەس؛ لە ژن و منداڵ و پیاو و گەنج و پیر... لەهەمان کاتیشـدا ئەشـێت ئێمە سـوود لە ڕەمزی نەتەوەکانی تریش وەربگرین، وەك بەشـێك لە ڕەمزی مێژوویی بەکاریان بهێنین، بۆ نموونە: هەرکـاتێـك گوێبیسـتی (هێرۆشـیمـا) دەبین بۆتە ڕەمزی چەوسـاندنەوەی (گەلی ژاپۆن)ی، زۆرجاریش لێکچواندن لە نێوان ڕەمزی نەتەوە جیاکان دێتەئاراوە وەك: (هەڵەبجە دەستە خوشکی هێرۆشیمایە).

لەم دیدگەیەوە هێنـانەوە و گەڕانەوە بۆ مێژوو و گێڕانەوەی ڕابردوو و ڕەمزی مێژوویی لە دەقی شـیعرییدا، (دووبارە

نووسینەوەی بەشێکی مێژوو نییە) (خۆشناو، 2010: 218)، بەڵکو بەکارهێنانی ئەو دەلالەتەیە بۆ پیشاندانی حاڵەتی ئێستا و بەستنەوەی ئەو ڕووداو و دیاردانەیە، کە لە ئێستادا هەن، لەلایەکی دی وشیاریدانە لە ئەگەری بەردەوامی و دووبارەبوونەوەی کردەی (ڕووداو: کەس...)ی لەم جۆرە.

شاعیرانی هاوچەرخی کوردیی ئەم قۆناغە: (۱۹۹۱-۲۰۰۳) سوودی زۆریان لە ڕەمزە نەتەوەییەکان وەرگرتووە، وەك (نەوزاد ڕەفعەت) لە بەشێکی شیعری (شیری مانگ) لە بەشی (4)دا، دەڵێت:

**دەرگای دڵم،**

**ئەم دەرگایەی تەنیا قۆچی ئەسکەندەریش**

**پێی نەشکا...**

**لە پێشوازیی مامزێکدا،**

**بووە ئامێزی ئاوەڵا.** (ڕەفعەت، 2020 : 6)

شاعیر لێرە باس (ئەسکەندەری مەکدۆنی) دەکات، کە لە مێژوودا ڕەمزی نەبەردی و ئازایەتی و سەرکەوتنە، چونکە (ئەسکەندەر) بەدرێژای مێژوو یەکێك لە بەناوبانگترین سەرکردەی سەربازی داگیرکەری وڵاتان بوو، ئەوکاتەی (مەکدۆنیا)، بەشێك بوو لە (یۆنانی کۆن)، ئەسکەندەر لە ٣٥٦ پێش زایین لە دایکبووە و خوێندنی لەلایەن مامۆستا و فەیلەسوف (ئەرستۆ) خوێندووە، لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا یەکێك لە گەورەترین ئیمپراتۆرییەتی جیهانی دروستکردووە، سنووری ئیمپراتۆرییەتەکەی لە ڕۆژهەڵات، لە دەریایی ئایۆنی یەکێك لە بەشەکانی دەریایی ناوەڕاست تاوەکو زنجیرە چیاکانی هیمالایالە ڕۆژهەڵات درێژ بووەتەوە، بە درێژایی تەمەنی لە هیچ شەڕ و جەنگێکدا شکستی نەهێناوە، بە یەکێك لە سەرکەوتووترین سەرکردە سەربازەکانی مێژوو دادەنرێت. ئەسکەندەری مەزن لە ساڵی ٣٢٣ پێش زایین لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی (مەلاریا) لە شاری (بابل) یان (بابلیۆن) کۆچی دواییکرد. (بڕوانە: لمپ، 2013، 3- 23).

لەم دیدگەوە ئەگەر خوێنەرێك نەزانێت (ئەسکەندەر) کێیە و چییە؟ ئەوە مەحاڵە لە واتای پەنهانی ئەو دەقە تێبگات، چونکە لێرەدا شاعیر خۆی لە (ئەسکەندەر) بە پاڵەوانتر و بەهێزتر دەزانێت، بۆیە بەرانبەر هەموو لایەك جەنگاوە و دەجەنگێت، تا لەشکری (ئەسکەندەر)یشی بە چۆکداوە، ئەو لەشکرەی بە درێژای شەڕەکانی نەدۆڕاوە، کەچی بەرانبەر نیگای چاوی یارەکەی ئێخسیر و دەست و پێوەندی بەستراوە، یار بێ شەڕ داگیریکردووە.

لە کۆپلەی (3)ی شیعری (شینی شالوور)دا، دووبارە سوود لە ڕەمزێکی دیاری مێژوویی وەردەگرێت، دەڵێت:

**من تەنیش باڵم.. تەنیا باڵ..**

**بێ فیل و شمشێر و مەتاڵ**

**بەرامبەریش**

**لە چوار لاوەش**

**لەسەد لاوەش**

**هەزار لاوەش**

**ملیۆن لاوەش**

**ڕۆستەمی زاڵ.** (ڕەفعەت، 2014: 9)

شاعیر خۆی و نەتەوەکەی تەنیا و بێکەس داناوە، لە بەرانبەریشدا هەرچواردەوری تەنانەت هەموو لایەکانی ژیانی (ڕۆستەمی زاڵ)ن، وەك دەشزانرێت ڕۆستەمی زاڵ ڕەمزی چەوسانەوە و غەدرلێکردن و زوڵمە، بۆیە کوردیش لەوەتەی مێژوو هەیە لە لایەن وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی دورەدەست لەژێر چەوسانەوە و داگیرکردن دایە و نایەڵم بە ئاواتی چەندەها ساڵەی بگات، کە مافی ڕەوای خۆیەتی، ئەویش دروستبوونی کیانێکی سەربەخۆ و نیشتیمانێکی پارێزراوە.

هەروەها (قوبادی جەلی زادە)ش سوودی لە ڕەمزە مێژووییەکان وەرگرتووە، وەك لە شیعری (دڵ)دا دەڵێت:

**ئەو دڵەی من وڵاتێکی بچکۆڵەیە**

**نەئاڵای هەیە، نە سنوور**

**کەچی؛ نەهیتلەر لۆی داگیرکرا**

**نە شەوەزەنگ و**

**نە خەزان،**

**ئەو دڵە من لەو ساتەوە**

**چاوەکانی پشکووتووە**

**بەبێ تەقە، بێ خوێن ڕشتن**

**عیشقێك داگیری کردووە.** (جەلی زادە، 2007: 46)

شاعیر لێردا وشەی (هیتلەر)ی لەدەقەکە بەکارهێناوە، کە ڕەمزی ئازایەتی زۆرداریی و سەردەمە و لایەنێکی مێژووی هەیە، چونکە (هیتلەر) بۆتە هۆی هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەم، کە بەهۆیەوە ملوێنان کەس بوونەتە قوربانیی بیرۆکەی (نەتەوە پەرستی نازیسمی ئەڵمانی)، شاعیریش بە سوود وەرگرتن لەم ڕەمزە مێژووییە، باس لە حاڵەتی خۆڕاگریی خۆی دەکات، لە کاتێکدا (هیتلەر) و سوپاکەی نەیتوانیوە چۆکی پێدابدات، کەچی یارەکەی بە نیگای چاوەکانی دەمێکە بێ هیچ زۆرییەك و شەڕکردنێك داگیری کردووە، لەم دیدگەوە ئەگەرچی (قوباد) شیعری (سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیرۆتیکیی -هەن، بەڵام ژن لە لای ئەو پێگەیەکی تایبەتی هەیە، زۆرینەی شیعرەکانی بۆ وەسفی ژن و خۆشەویستی ژن) (مەولوود، 2013: 142) و جوانییەکانی تەرخانکردوون، بە واتایەکی دیکە، ئەگەرچی ئافرەت (خاڵی ناسینەوەی شیعرەکانییەتی، ... بەڵام ڕووداوە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی) (حەویزی، 2008: 160)، گەردوونیەکانیشی فەرامۆش نەکردووە.

شاعیر لە بەشێکی شیعری (قەڵەمێکی ڕدێن سپی)یدا، سوود لە ڕەمزی مێژوویی ئەڤینداریی وڵات وەردەگرێت و مەرامی خۆی پێ دەردەبڕێت:

**سیامەند.. هەرجارێ هەڵدێرا تۆ دەیان جار**

**فەرهاد بێستونێکی کونکرد**

**تۆ هەزاران..** (جەلی زادە، 2007: 26)

وەك دەزانیین چیرۆکی ئەڤینداریی (خەج و سیامەند)، داستانێکی ئەڤینی کوردییە؛ کاتێك (سیامەند) لە (شاخ/ سیپان) هەڵدێراوە و بریندار بووە، برینەکەششی سەخت بووە و توانای خۆ ڕزگارکرنی نەبووە، بۆیە (خەج)ەی خۆشەویستی زۆر هەوڵیداوە ڕزگاری بکات، کەچی بێهوودە بووە، بۆیە بەرگەی لە دەستدانی (سیامەند)ی خۆشەویستی ناگرێت و خۆی فڕێداوەتە خوارەوە بۆ باوەشە پڕ خوێن و برینی مەعشووقەکەیی و خۆی هەمان چارەنووس؛ کە مردنە، تا دواجار بەیەکەوە هەردووکیان گیانیان دەردەچێت، ئەمەش نموونەی قوربانییدانی خۆشەویستی پاکە، بە هەمان شێوە چۆن (فەرهاد) ڕازی دەبێت بە مەرجی کونکردنی (کێوی بێستوون) بە (تەورە)کەی، بۆ ئەوەی بە خۆشەویستەکەی: (شیرین) بگات، تا دواجار ئەمیش لەم پێناوەدا سەری دادەنێت، بۆیە

ئەمانە ڕەمزی عەشــقی پاك و وەفاداریی و ڕاســتگۆیی و مەردایەتیین.

شاعیریش سوود لەم ڕەمزانە وەردەگرێت و لە دەقەییدا بنیانی دەقەکەی لەسەر دەچنێت، بۆیە ئەو کەسەی شاعیر مەبەستییەتی بەراوردی پێدەکات بەوان (سیامەند، فەرهاد)، دواجار پێگەی ئەو کەســە زۆر لەوان بە وەفـاتر و چـاکتر و بەهێزتر و کۆڵنەدەرتر دەبینێت و لە پلەیەکی بەرزتر لەوان دایدەنێت.

هەروەها شاعیر ڕەمزە نەتەوەییەکانیشی بیر نەچووە، وەك لە بەشێکی شیعری (هەڵەبجە)دا، دەڵێت:

**پشیلە چاوکزەکان،**
**تووتکە تۆقیوەکانی هـ ە ڵـ ە بـ جـ ە،**
**بە ڤالیۆم دەخەون.** (جەلی زادە، 2007: 565)

شـاعیر لەم دەقەدا دوو ڕەمزی بەکارهێناوە، کە تێکەڵەیەکە لە ڕەمزی کلتووریی و مێژوویی ؛ چونکە وەك دەزانیین (هەڵەبجە) ڕەمزی ئەو کـارەســـاتەیە، کە لە لایەن (ڕژێمی بەعس) دژ بە گەلی کورد کرا، هەر چەوسانەوە و ستەمکردن و کوشتنی بەکۆمەڵ و ئەنفالی تاکی کورد، بۆیە شاعیر بەهۆی گەورەیی ئەم تراژیدیایەی باس لە بکەرانی ئەم تاوانە دەکات و بە (پشـــیلەی چاوکز، پیر، ســـپڵە) و (تووتکی هار و گراو) دەیانچوێنێت، چونکە کاتێ ئەمانە لە ڕووی بایۆلۆژییەوە کاتێك ئەمانە (پشـــیلە، تووتك) لە (تۆپین) نزیك دەبنەوە، جۆرێك لە تێکچوونی هۆڕمۆن لە جەســـتەیـان ڕوودەدات، دەبێتە هۆی بێخەوی و وەڕســـبوون لە خۆیان، بۆیە ئەمانیش کاتێك نزیك لەناچوون و مردن نزیك دەبنەوە بیر لەو کارەســـاتە قێزەونە دەکەنەوە کە بەرانبەر بە گەلێکی ستەملێکراو کردوویانە، بۆیە دۆشـــدادەمێنن و نـاتوانن و ڕوویـان نییە ســـەیری کردەوە کرێتەکانییان بکەن، چاوەکانییان خەوی لێدەزڕێت و ئارامییان لێ هەڵدەگیرێت، مەگەر (حەبی خەوتن/ ڤالیۆم) بۆ ســاتێك خۆ لەبیرچوونەوە بیانخاتە خەو.

کەواتە لێرەدا شـــاعیر واژەکانی (پشـــیلەی چاوکز، تووتکە تۆقیوەکان)ی بۆ (جاش و ئەنفالچیی و ...)یەکان دەخوازێت، کە لە ســـیفەتی (ناشـــیرینی و نابووتی و پیســـی و خراپی و سپڵەی) بە یەکتر دەچن.

### 3.2.3. ڕەمزی ئایینی:

ئایین پایەی ســـەرەکی هەر کۆمەڵگەیەکە، بەڵام کەم نیین ئەو کۆمەڵگایانەی، کە هیچ ئاینێکییان نییە، بۆیە لە کۆمەڵگەیەکی پابەند بە ئاییندا؛ پەیوەســتبوونی تاکەکان و کاریگەربوونیان بە بیروباوەڕ و پڕۆگرامە ئاینییەکان بابەتێکی حاشاهەڵنەگرە، یان بە پێچەوانەوە؛ لە کۆمەڵگەیەکی بێ ئـاییندا، تـاکەکـان بەهیچ ئـاییندێکەوە پـابەنـد نیین، هەموو ئـایینەکـان (بە هەموو لایەنەکانەوە) ڕەتدەکەنەوە، بۆیە شـاعیرانیش وەك تاکێکی ئەم کـۆمەڵـگـایـانە بە پەیڕەوکـردن و ڕەتـکـردنەوەی ئـایـیـنـی کۆمەڵگاکەیان شـارەزاییەکی باشـیان لە دەقە ئایینی و بۆنە و ڕەمزە ئـایینییەکـان هەیە، ئەم ڕەمزانەش بوونەتە بەشـێـك لەجەستەی دەقی شیعریی. مەبەست لە (ڕەمزە ئایینیەکان)یش چیرۆکەکانی ناو دەق و کتێبەکان و تەواوی کتێبە ئاسمانییەکان و ناوی کەسایەتی و پەیامبەر و شوێن و ڕووداو و موعجیزە و ئەرك و ســوونەت و ســروشــتە ئاینییەکان و خاك و موڵکی پەیامبەران و شـوێنی پەرســتش و مەعبەدی ئایینی و تەواوی ئەوشتانە دەگرێتەوە، کە لە هەر ئایینێکدا هەن یان ئەو شتانەی لە ئایینەکاندا قەدەغەکراون و دەبن بە ڕەمزی دژ بۆ ئایینەکە.

لەم ڕوانگەیەوە شاعیرانی کۆنی کوردیی ڕەمزە ئایینییەکانیان: (ئاینی ئیسلام) بە جۆرێکی چڕوپڕ لە دەقەکانیان بەکارهێناوە و پـانـتـایـیەکـی فـراوانـی داگـیـرکـردووە، کە ئەمەش بـۆ پەروەردەبوونیـان لەنێو ژینگەیەکی ئـایینیـدا دەگەڕێتەوە، لە بەرانبەردا شاعیرانی هاوچەرخی کوردیی بەهۆی ئەو کرانەوە و تێکەڵاوییەی، کە لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوادا دروسـتبوونە بەم رادەیە بە (ڕەمزە ئایینی- ئاینی ئیســلام) پابەند نیین، لادانێکی ئایینی لە زۆرینەی دەقە شـیعرییەکان بەدیدەکرێت، تەنانەت هەنـدێکجـار ڕەمزەکـان پێچەوانەبوونەتەوە، یـان ڕەمزی ئاینیەکانی تر (مەسیح: سەلیب و کەنیسە، ئێزیدی: مەسعەف و لالش و مەلەك تـاوس ....) بەکـارهـاتـوون، وەك (نەوزاد ڕەفعەت) لە شیعری (هەورە تریشقەی زەنگوڵە)دا، دەڵێت:

**هەر لە خۆڕا**
**نارەزاییی دامرکاوە و**
**لەجێی خۆیدا**
**مەنگ و مات وەستاوەتەوە**
**دەگێڕنەوە:**
**پاشان زەمانی گرتووە و**
**لەساعوری بەقەد چنگێکی پرسیوە:**
**نەتزانیوە کێ مردووە؟!**
**نەتزانیوە..؟!**
**زەنگۆڵەی پیرۆز چوزانم!!**
**هەق..**
**هەق..**
**هەق مردووە!** (ڕەفعەت، 2014، : 86- 87)

شــاعیر لێرەدا وشــەی (ســاعور)ی بەکارهێناوە، کە ئەمەش یەکێکە لە ڕەمزە دیـار و ئـاشـــکراکـانی (ئـاینی مەســـیحی)، ساعوریش؛ ئەو بڵندگۆییەیە لە (کلێسا)دا هەیە، لەکاتی پەرستشە ئاینییەکاندا بۆ شـوێنکەوتووانیان بە مەبەسـتی وەبیرهێنانەوە و ئاگادارکردنەوەیان لێدەدرێت.

شـــاعیر جۆرێك لە دایەلۆگی لەگەڵ (ســـاعور)دا، کردووە و وێنەیەکی ڕەمزیی بە هۆی (ڕەمزی ئـایینی/ ســـاعوور- مەســـیحییەت) ئەفراندووە، کە مەبەســـتییەتی بڵێت: لە هەموو ئـایینەکـانـدا مرۆڤ ڕێزلێگیراو بووە و ڕەوایەتی بە هەق و ڕاستی و چاکی دراوە، بە پێچەوانەشەوە .

لە بەشـــێکی دەقی (تووڕەبوونی ئاگر)یشـــدا ســـوودی ئایینی وەرگرتووە، کە لە قورئاندا ئاماژەی پێدراوە، وەك دەڵێت:

**تووڕەییی ئاگر هەڵساوە و**
**(گەمیەی نوح)یش**
**بە فریادی تۆبەی گوناهکاران ناگات.** (ڕەفعەت، 2020: 45)

مەبەســـت لە (گەمیەی نوح)؛ (کەشـــتی نوح پێغەمبەر)ە، کە نەوەی نۆیەم یـا دەیەمی پێغەمبەر (ئـادەم) دەژمێردرێت، بە باوکی دووەمی مرۆڤایەتی دادەنرێت، پێشـەی( دارتاش) بووە، خودای گەورە پێغەمبەر (نوح)ی ڕەوانەکرد بۆ گەلەکەی بۆ ئەوەی بـانگیـان بکـات بۆ یەکتـا پەرســـتی، بۆ ئەوەی بە تەنیـا خودای گەورە بپەرســـتن و هـاوەڵی بۆ بڕیـار نەدەن، لەبەر ئەوەی ڕۆچووبوون لە گوناهـ و تاواندا و شەو و ڕۆژ (بت)یان دەپەرست، بۆیە (نوح) هەموو ڕێگاکانی گرتەبەر بۆ گەیاندنی پەیامی خودای گەورە، ئەوانیش بە هەموو ڕێگایەك بەرەنگاری بوونەوە و لەسەر بتپەرستی بەردەوام بوون، هەرچەندە ماوەی 950 ساڵ لەناویاندا بوو، بەڵام گەلەکەی بە درۆیان خستەوە و کۆمەڵێکی کەم نەبێت باوەڕیان پێنەهێنا، بە هەموو شـێوەیەك

گاڵتەیان پێدەكرد، كاتێك پێغەمبەر (نوح) بۆی دەركەوت، كە بێجگە لەو ڕێژە كەمەی باوەڕیان پێهێناوە كەسی تر باوەڕی پێناهێنێت، دوعای كرد خودای گەورە بە هانایەوە بێت و بێباوەڕان لەناو بەرێت، هەر بۆیە خودای گەورە فەرمانی پێكرد؛ كەشتیەك لەسەر وشكانی دروست بكات، دواتر خودای گەورە فەرمانی بە زەوی كرد؛ ئاوی خۆی بخاتە سەر زەوی و فەرمانی بە ئاسمان كرد كە باران ببارێنێت، شێوەیەك باران باری كە هەرگیز بەو شێوە نەبارییبوو، بە خێرایی تۆفانەكە زیادی دەكرد تا گشت شارەكەی داپۆشی، دەوترێت پێش هەڵاتنی ڕۆژ بووە، پێغەمبەر نوح و ئەوانەی باوەڕیان پێهێنابوو چوونە ناو كەشتییەكە، دواتر توانی لە هەر گیاندارێكدا (نێر ومێ)یەك بخاتەناو كەشتییەكە و ڕزگارییان بكات، دواتر كەشتیەكە لە شاخی (جودی/ گووتی) لەنگەری گرت و وەستا.

بەمەش شاعیر دەیەوێت هەمان پەیام بدات بە گوێی گوناهكاران، تا زووە بگەڕێنەوە و واز لە كوشتن و برین و درۆ و دزیی و ناپاكی و .... بێنن، گەرنا چارەنووسی گەلەكەی (نوح)یان دەبێت و لەناو دەچن.

هەروەها لە كۆپلەی (6)ی شیعری (شینی شالوور)دا، بە سوود وەرگرتن لە ڕەمزێكی ئایینی، كە لە ئایینی ئیسلامدا هاتووە، باس لە زۆرداری (هابیل) دەكاتەوە، وەك دەڵێت:

**میلم بە بەرچاودا هێنرا میل**

**دەمامكی گۆڕیووە قابیل**. (ڕەفعەت، 2014: 16)

بە ڕوانیین لە وشەشیعرییەكاندا، دەردەكەوێت شاعیر بێزار و غەمگینە، ئەویش بەهۆی ئەو ناپاكییەی كە لە نزیكەكاندا لێیكراوە، بۆئەمەش لە ڕێگەی هێنانەوەی چیرۆكی ئایینی (قابیل و هابیل)، كە یەكەم كوشتن بوو لەسەر گۆی زەوی، وەك لە (قورئان)دا لە (سورەتی: المائدە، لە ئایەتی 27-31)هاتووە: كە ئەمانە دوو نەوەی یەكەمی (ئادەم و حەوا)ن و (قابیل) كرێكاری خاك بووە و (هابیل) شوان بوو، لەو ڕۆژەی بڕیارییان دا (خودا) بپەرستن، بۆیە قوربانییان كرد، (خودا) سەیری (هابیل) و قوربانییەكەی كرد، بەڵام سەیری (قابیل) و پێشكەشكردنەكەی نەكرد، بەمەش (قابیل) زۆر توڕە بووە و بڕیاری كوشتنی (براكەی/هابیل)ی داو و كوشتی، دواتر (خودا) نەفرەتی لێكرد، ئەمەش بۆتە ڕەمزێكی ئایینی دیار و شاعیران لە دیدگەی (كوشتنی بە ناهەق و ستەمەكردن و پەشیمانی....) سوودی زۆریان لێوەرگرتووە، بۆیە شاعیر كەسانی بەرانبەری بە (قابیل) چواندووە، تەنیا ئەوەی هەیە شێوەكەی گۆڕاوە، یان باشتر بڵێین؛ (قابیل)ێكە لە ڕوووخساری كەسانی دیكەدا.

هەروەها (قوبادی جەلی زادە) لە بەشێكی شیعری (گومان)دا، دەڵێت:

**دایكم لەسەر (بەرماڵ)ێ مرد**

**پیرە بابیش**

**لەبەر قاپی مەیخانەیێ**

**من لە نێوان**

**منارە**

**و**

**قاپی ئاراقا**

**سواڵكەرێكی حافزم.** (جەلی زادە، 2007: 176)

شاعیر باس لە دوو شتی دژ بەیەك دەكات، كە هەردووكیان سەر بە دوو ئایینی جیاوازن، یەكێكیان كە ڕەمزی (ئایینی ئیسلام)ە و پەیوەستە بە پەستش و نوێژخوێنان، كە (بەرماڵ)ە، ئەوەیتریان دژی ئاینی ئیسلامە و پەیوەستە بە (ئاییینی مەسیحی) و شتێكی ئاساییە لایان؛ كە (مەیخانەیە)، بەمەش شاعیر دوو وێنەی دژیەكی لە نێوان دوو لایەن و دوو ئایین و دووكەسدا پیشانداوە، دواتر خۆی لە نێوان (منارە) كە ڕەمز و نیشانەیە بۆ هەبوونی مزگەوت و بڵاكردنەوەی ئاییینی ئیسلام و (قاپی ئارەق) كە دژی ئەم ئایینە و هەبوونی لای شوێنكەوتوانی ئاییینی مەسیحی ئاساییە، بەمەش جۆرێك لە سەرگەردانی بۆ دروستبووە .

لە بەشێكی دیكەی (فیشەكی ڕەحمەت)دا، بە هێنانی ناوی پەیامبەر (محەمەد د.خ)، شلۆڤەی بابەتێكی مرۆڤایەتی دەكات:

**خودایە وابكە بە عیشقەوە**

**تفەنگ و قەڵەم و مەرەكەب و مەتارە، هەڵبگرمەوە**

**عیشقێك وەك عیشقی موحەمەد بۆتۆ**. (جەلی زادە، 2007: 330)

شاعیر لێرە (عیشقی محەمەدی بۆ خودا) بە گەورە و بێ كەموكوڕی زانییوە، بۆیە محەمەد ڕەمز و پەیامبەری ئاییینی ئیسلامە، تەنانەت باوەڕداران لە خۆشەویستی ئەم، ناوی منداڵەكانیشان دەنێن (محەمەد)، بۆیە لەم سۆنگەوە شاعیر داوا لە خودا دەكات، كە ئەمە عەشقەی خستییە دڵی (پەیامبەر/ محەمەد) بۆ خۆشویستنی خۆی، هەمان عەشق و گەرمیی بخاتە دڵی ئەو (شاعیر) بۆ خۆشویستنی (تفەنگ و قەڵەم و مەرەكەب و مەتارە)، كە ئەمەش بەهۆی وریایی شاعیرەوەیە، بە زانیین و هەستكردن بە دابڕانێكی ڕۆحی و هەستیی لە نێوان خەڵك/گەل و خاكدا.

ئەوەی ماوەتەوە بڵێین: كە هاتنی ئەم ڕەمزە ئایینیانە بۆ ناو دەقی شیعری لە بنەڕەتدا جۆرێكیشە لە (دەقئاوێزان)كردن، كە شاعیر بۆ خزمەتكردن و جوانی و بەهێزی دەقەكەی دەیهێنێتەوە.

### 4.2.3. ڕەمزی گەردوونی:

گەردوون و سروشت بەو فراوانی و فرەڕەنگینی و جوانی و گۆڕانە بەردەوامەی هەیەتی، هەمیشە لە خۆنوێكردنەوەدانە، بوونەتە سەرچاوەی ژیان و كانگای بیر و بەهرەی بزواندنی هەست و ئیلهامی شاعیران، زۆرجاریش ئەم دیاردە گەردوونییانە دەبن بە ڕەمز بۆ دەلالەتێكی تری ژیان، (بڕوانە: مەلا، 2021: 90) بەگشتی ئەم دیاردانە لە ژێر دەسەڵاتی سروشتدان و خواكردن، بەڵام مرۆڤایەتی واتای دیكەی لێ باركردوون، وەكو: (پاییز، كە گوزارشتە لە: هاتنی خەم و وەرینی شادی و ئازار و هاتنی ئازار و مەینەتی و مردن،..)، بە پێچەوانەوە (بەهار) گوزارشتە لە؛ ژیان و ژیانەوەو هاتنی خۆشی...، لەهەمان كاتدا ئەمانە دەبنە ڕەمزی تریش، كە دەلالەتی خۆی لە ڕەنگی وەرزەكە وەردەگرێت، وەكو (پاییز) دەلالەتە بۆ (ڕەنگ زەردی) و (بەهار)یش دەلالەتە بۆ (سەوز)ی، وەك (نەوزاد ڕەفعەت) لە بەشێكی شیعری (مەرگ لە زامی مندا دەدوڕێت)دا، سوود لە چەند دیاردەیەكی خۆرسكی وەردەگرێت و وێنەیەكی جوانی شیعریی پێشكەشدەكات، وەك دەڵێت:

**چۆلەكەكان هەموو شەوێك**

**بۆ درەخت دەگەڕێنەوە**

**ئەستێرەكان ئاوادەبن و**

**هەموو شەوێك**

**لە گۆمی ئاسمانی شیندا هەڵدەبنەوە**

**هەموو بەهارێك بەفر**
**مەمکی وشـکی ڕووبار پڕ شـیر دەکاتەوە.** (ڕەفعەت، 2012: 84- 85)
شاعیر باس لە چەند دیاردەیەکی سروشتی دەکات، لەوانە:
گەڕانەوەی باڵندەکان لە شەودا بۆ هێلانە و درەختەکان.
ئاوابوونی ئەســتێرەکانی ئاســمان لە ڕۆژدا و دەرکەوتن و هەڵهاتنیان لە شەودا.
بارینی بەفری بەهارە و بوژانەوە و سـەرچاوەی دروستبوونی ئاوی سەر زەویی و ژێر زەوی.
ئەمانە گەرچی لە بنەڕەتدا بە وێنەیەکی ئاســایی دێنە بەرچاو، بەڵام شــاعیر وەك ڕەمزێك بۆ واتایەکی دوورتر ســوودیان لێوەردەگرێت، کە دەشێت کۆی مەبەستەکەی ئەوەبێت کە دوای هەر ناخۆشــییەك و ئاوابوونێك، ئەوە ســەرەتایەمی نوێییە بۆ دەرکەوتنی تـازە و تیشــکدانەوەی زیـاتر و گەشــانەوە و بوژانەوەی زۆرتر، بەڵام ئەمە خوێنەری زرنـگ نەبێـت ناتوانێت واتا پەردە لەسەر واتا پەنهانییەکەی لابەرێت.
هەوەها لە شیعری (هێشتا درەختەکان سەوز)دا، دەڵێت:
**یەك خۆر هەیە**
**یەك مانگ هەیە**
**یەك سەکران و**
**یەك لاسەشۆڕ و یەك خەزاڵ.** (ڕەفعەت، 2013: 42- 43)
شــاعیر لێرەدا باس لە چەند دیاردەیەکی ســروشــتی دەکات، لەوانە (خۆر، مـانـگ، چیـا/شــوێن)، کە هەموویـان بە یەك دادەنێت، چونکە وەك دەزانرێت تەنیا یەك مانگ و خۆر- ڕۆژ هەیە، بۆ (چیا)یەکەش تەنیا یەك شوێن و چیا بەناوی (سەکران) هەیە، بۆیە ئەمـانە بە هەبوونی عەشــقی (لاس و خەزاڵ) بەراورد دەکات، کە ئەمانیش تاقانەی عەشـقی پاك و بێگەردی ســەرزەمینن، وەك دەشــزانرێت (لاس و خەزاڵ) یەکێکە لە داســتــانە ئەڤینییەکـانی کوردیی و ڕەمزێکی کلتووریی و مێژووییە بۆ عەشقی پاك.
بەمەش چیـای (ســەکران) لەوچووە و (لاس و خەزاڵ)یش لێچووە، ڕووی لێکچوانـدنەکەش لە (لەبن نەهـاتووی دایە)، چونکە هەم چیای (ســەکران) لەبن نایێت هەمیش عەشـقی ئەو دوو دڵدارە.
(قوبادی جەلی زادە)ش سوودی لە چەندیین دیاردەی سروشتی و گەردوونی وەرگرتووە، وەك لە بەشـێکی شـیعری (شـەڕێك شیرینتر لە ئاشتی)دا دەڵێت:
**بەفر ئەو هەموو سەرمایە**
**لەکوێوە دێنێ؟**
**کە ماڵی ئەوەتا بە تەنیشت**
**ماڵی خۆر.** (جەلی زادە، 2007: 602)
شاعیر باس لە دوو دیاردەی گەرروونی دەکات، ئەوانیش (سارد و سڕی بەفر) و (تین و گەرمی خۆرەتاو)، ئەمانە دوو دیاردەی هەمیشــەیی و نەگۆڕن، بەڵام شــاعیر بۆ واتـاکی دیکە خواســتوونی، ئەویش مەبەســتر پرســکردنە لەوەی، کە سـەرچاوەی هەردووکیان لە ئاسمانە و یەك شوێن و جێگەیان هەیە، کەچی یەك سـارد و سـڕە و یەکێکش گەرم و بەتینە؟؟ ئەمەش وەڵامەکەی بە ڕادەیەك سانایە، وەك چەشنی ئەو پەندە کوردییە کە دەڵێت: (پەنجەی دەســتـان هەموویـان وەك یەك نیین)، مرۆڤەکانیش گەرچی ســەر بە یەك خێزان و نەتەوە و ئایینێك بن، مەرج نییە لە لایەنی باش و خراپی وەك یەك بن.
هەروەها لە شیعری (بارانی زێڕ)دا دەڵێت:

**پایز،**
**بەنێو دارستانەکاندا،**
**ڕەتدەبێت**
**ملوانکەی لقەکان دەپسێنێ و**
**بەرپێی درەختەکان،**
**پڕ دەکات لە لیرە.** (جەلی زادە، 2007: 624)
لێرەدا شـاعیر باس لە هاتنی یەکێك لە وەرزەکانی ساڵ دەکات، کە وەرزی (پایز)ە؛ بۆوە لەگەڵ هاتنییدا گەڵای دار و درەختەکان زەرد هەڵدەگەڕێت و دواتر دەوەرێت، بەمەش ژێریان یەکپارچە زەردپۆش دەبێت، بۆیە شاعیر پایزی لە وێنەی پیاوێك داناوە و درەختەکانیشــی بە ئافرەتێکی شـۆخ و شـەنگ چواندووە، بۆیە کاتێك دێت بۆ ژووان، هێدە پەرۆشــی ڕووتبوونەوەیانە هەر زوو بەرگەکـانــی ئـافـرەتەکە (درەخـتەکـان) دادەنـێـت و ملوانکەکەشــی (گەڵاکـان) دەپســێنێـت، بەمەش ژێر پێی درەختەکان یەکپارچە دەبێتە گەڵای زەردیی وەرییوو لە چەشنی لیرەی ئاڵتوونی.
کەچی لە بەشێکی شیعری (بارانە ڕۆژ)دا، دەڵێت:
**بارانە ڕۆژی بەهارە**
**خۆری زێرین**
**یەخەی تەمومژ دائەدڕێ.** (جەلی زادە، 2007: 724)
شاعیر لەم دەقە باس لە (هاتنی وەرزی بەهار) دەکات، کە خاك تێنوویەتی ئەشـکێ و گەڵای دار و درەختەکان سـەوزدەبنەوە و دەشــــت و دەر یەکپـارچە ســـەوزایی دایـدەپۆشــێـت، گوڵ دەپشــکوون، ئەمانەش هەموو نیشــانەی ژیانەوە و خۆشـــی و بەختەوەری دەگەیەنن، بۆیە (بەهار) وەك ڕەمزی سـەوزبوون و بەدیهاتنی هیوا و ئاواتە شـــادیهێنەکان ناســـراوە، بەمەش شــاعیر ســوودی لەم ڕەمزە وەرگرتووە، وەکو لێکچواندێك بۆ (هاتنی یـار)ەکەی هێنـاویەتییەوە، کە بە هـاتنی (بەهـار= یـار) خۆری هیواکانی دەرکەوتووە و چاوەڕوانی و خەم و خەفەت و تاریکی و ناخۆشـــی و دەردو مەینەتی و ماڵئاوییان لە ژینی کردووە.

**5.2.3. ڕەمزی کەلتووری:**
کەلتوور ســـەرچـاوەیەکی گەورە و گرنگی هەر نەتەوە و کۆمەڵگەیەکە، کە خۆی لە پـاشـــخـانە مێژوویی و ڕەوتە شــــارســــتـانییەتییەکەی دەبینێتەوە و بە گەنجینەیەکی بەنرخ دادەنرێت، پارێزگارییکردنی ئەم گەنجینەیەش لەســـەر هەموو تـاکەکـانی ئەم کۆمەڵگە و نەتەوەیە ئەرکە و پێویســـتە، بۆیە شـاعیریش وەك تاکێکی ڕۆشـنبیر و کاریگەری نێو کۆمەڵگە، پردی گواســـتنەوەی ڕۆشـــنبیریی و شــــارســـتانییەتەکانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی، بەمەش کەلتوور ئەو بـابەتە پڕ بایەخەیە، کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت، چونکە شارستانییەتی مرۆڤایەتی بەگشتی و هەر نەتەوەیەك بەتایبەتی ڕاستەوخۆ بە شـــارســـتانییەتە کۆن و داب و نەریتەکۆن و کەلەپوورییەکەی خۆی بە ڕابردوودا گرێـدراوە، بەواتـایەکی دی؛ کەلتووری (نەتەوایەتی شـــێوەی ژیانی کۆنی پێش هەزاران ســـاڵی باو باپیرانمان دەردەخات پلەی شـــارســـتـانی و خوڕەوشـــت و بیروباوەڕیان پیشـــاندەدات، ئەمانەش هەموو ســـەرچاوەن بۆ ژیانی ئەمڕۆمان) (مســـتەفا، ٢٠٠٩: ١٦٤)، بەمەش ژیانی پێشـــوترمـان/مێژوومـان دەبەســـتێتەوە بە ژیـان و مێژووی تازەمانەوە، بۆیە هەر شـــارســـتـانیەتییەك لەســـەر بنەمای کەلتووری و کەلەپووری و فۆلکلۆری کۆنی خۆی گەشـــەی کردووە و لەوێوە ڕەگی داکوتـاوە، کەواتە کەلتووری هەر

نەتەوەیەك ڕەنگی شارستانییەتی و پێشکەوتنەکانی ئێستایەتی، کە ناکرێت بە نادیدە بگیرێت.

بێگومان بەیەکەوەبەستنەوەی ئەو دوو شارستانییەتە(کۆن و نوێ) بەهۆی ئەو (دال)انەوە/(وشە و دەستەواژە)انەوەیە، کە گوزارشت لە (مەدلوول/ ژیری و هەستی)/(کەرستە و ئامراز و ئالاڵاڤ و بەیت و داستان و گۆرانی و ئەدەبی فۆلکلۆر و سەرزاری)یە کۆنەکان دەکات، پارێزگاریکردن و زیندووکردنەوەی وشە کۆن و ڕەسەنەکانیش ئەرکی شاعیری بە هەڵوێست و کارامەیە، چونکە لەلایەك پەیوەندییەکی دانەبڕاو پەیدادەکات لە نێوان قۆناغەکانی ژیانی نەتەوەکەی و لەلایەکی دی بەهۆی ئەم وشە ڕەسەن و ڕەمزە فۆلکلۆرییانەوە دەبێتە مایەی سەرنجی خوێنەران و گەڕانەوە بۆ خۆشی و چێژی جاران، کە خوێنەر لە ئاستی خوێندنەوەی ئەم دەقانەدا هەستیان پێدەکات، لەم ڕوانگەیەوە شاعیران بایەخێکی زۆریان بە ڕەمزە کلتوورییەکان داوە و هەوڵیانداوە زۆرترین وشەی فۆلکلۆریی و بەیت و بالۆرە و ڕەمزەکلتوورییەکان لە دەقدا بەرجەستە بکەن، وەك (نەوزاد ڕەفعەت) لە بەشێکی شیعری (کۆڕژن)دا، دەڵێت:

**تۆ ئەمشەو ئەو کەڵەکێوییەی**
**کە دەگێرنەوە: لەوەتەی بریندارە**
**گورگێگ شاخەوشاخ، هەرداوهەرد**
**شوێن تکەی خوێنی هەڵدەگرێت**
**نە دەیگاتێ و نە وازیشی لێدەهێنێت.** (ڕەفعەت، 2013: 8)

شاعیر هەریەکە لە وشەکانی (کەڵەکێوی) و (گورگ)ی وەك ڕەمزێك هێناوە، بۆ مەبەستی سیاسیی، چونکە لە کلتووری کوردییدا، (کەڵەکێوی) بە گیاندارێکی بێ زەڕ و تێکەڵ لە ڕەنگی (ڕەش و سپی)؛ کە ئەمیش خۆی ڕەمزی تەبایی کۆکی و کۆبوونەوەی دژەکانە بەیەکەوە، وە بە گیاندارێکی خۆڕاگر و کۆڵنەدەر ناسراوە، کەچی لە بەانبەردا؛ (گورگ بە گیانەوەرێکی کەڵبەدار و دڕندە و زۆردار و خوێنخۆر ناسراوە.

شاعیر سوودی لە (هونەی ڕوونبێژی) بەشی (لێکچواندن) وەرگرتووە، وێنەیەکی پڕ مەبەستی بە هێنانەوەی هەردوو ڕەمزەکە ئەفراندووە، وەک (کەڵەکێوی) بۆ (کورد) و (گورگ)یشی بۆ (داگیرکەر و خوێنمژان) خواستووە، بەمەش واتایەکی پەنهانی بەهێزی لە دەقەکەدا بارکردووە، پەیامەکەشی ئەوەیە؛ کورد لە مافی ڕەوای کۆڵنادات و برین و ئازار نایترسێنی و نایوەستێنێ، بەڵکو زیاتر بە شاخان دەکەوێت و سڵ ناکاتەوە لە مردن، هەتا ئەگەر ئێوە چەشنی گورگیش دڕندەبن.

لە کلتوورە جیاوەزەکاندا، ڕەنگەکان واتای تایبەتی خۆیان هەیە و ڕەمزن بۆ گوزارشتکردن لە لایەنێکی دەروونی مرۆڤەکان، تەنانەت زۆرجار ئەم ڕەمزانە لە نێوان چەند نەتەوەیەکدا وەك یەکن، یان بە پێچەوانەی یەکترن، ئەمەش شتێکی ئاساییە، بۆیە شاعیریش وەك تاکێکی کۆمەڵەکەی سوود لەم لایەنەش وەردەگرێت، وەك لە شیعری (تەبایی)دا، باس لە ڕەنگی (ڕەش) دەکات و دەڵێت:

**لە دێرەوە وام دیمەنی**
**کچی پرچ بژی ڕەش**
**بۆینباخی ڕەش**
**ڕەشەباو**
**بوولێڵەی بەهەوری تاریك ڕەشهەڵگەڕاو.** (ڕەفعەت، 1992: 20)

شاعیر لەم دەقەدا لە کۆی چوار وێنەی شیعرییدا، لە سێ دیمەندا ڕەنگی (ڕەش)مان دەخاتە بەرچاو، وەك (پرچ ڕەش، بۆینباخی ڕەش، هەوری ڕەش)، بەمەش (ڕەش) بۆتە بنیاتی بابەتی دەقەکە.

وەك دەشزانرێت؛ ڕەنگی ڕەش لە کلتووری کوردییدا، نیشانە و ڕەمزی ناخۆشی و تازییە بارییە، بۆیە ئەم وێنانە گەرچی واتای جیاوازییان هەیە، وەك: وێنەی (کچی پرچ ڕەش) گوزارشتە لەو ئافرەتە گەنجانەی، کە هەر زوو هاوسەرەکانییان لە پێناو بەرگری لە گەل و نیشتمان شەهید دەبن، ئەوانیش بە کەزیی سپی و ئاهی ساردەوە سەر دەنێنەوە، وێنەی (بۆینباخی ڕەش)یش ئاماژەیە بۆ خۆگۆڕینێکی ئارەزوومەندانەی گوزارشتەکار لە دڵێکی پڕ غەم و ئازاری لەدەستدانی ئازیزان، وێنەی سێیەمیش؛ کە (پەڵەهەوری ڕەش)ە: لە کلتووری کوردییدا گوزارشت و ئاماژەیە لە پیلان و داباریینی زوڵم و زۆریی وخراپەکارییە، بۆیە ئەم ڕەنگە (ڕەش)انە هەموویان دەلالەت لە دەروونێکی پڕ ئازار و تازییەباری دەکەن.

هەروەها (قوبادی جەلی زادە)ش لە بەشێکی شیعری (کوندەبۆ)دا، سوودی لەم لایەنە وەرگرتووە و دەقەکەی پێچنیوە، وەك دەڵێت:

**دەتوانیین خاکەناسێك بە دەستەوە بگرین و چی ئاوی ژیان هەیە، بیخەینە دۆخی لیخنییەوە.**
**هیچ باڵندەیەك ئەوەندەی مرۆڤ ستەمکار نییە، تەنانەت کوندەبۆش!** (جەلی زادە، 2023: 60)

لێرەدە ناوی باڵندەی (کوندەبۆ) هاتووە، لەناو کورددا ئەم باڵندەیە بە ڕەمزی وێرانی و نەهامەتی و کاولکاریی نلسراوە، چونکە ئەو باڵندەیە لە شوێنی چۆڵدا نەبێت ناخوێنێت، یان دەکرێت بگوترێت؛ هەرکات ئەم باڵندەیە لە شوێنێکدا خوێندنی ئیتر ئەو شوومی بۆ ئەو شوێنە دەهێنێت و بۆ مرۆڤ دەبێتە وێرانە، دواجار دەبێتە نیشتمانی خۆی (کوندەبۆ)، بۆیە شاعیر کاتێك بەراوردی نێوان (مرۆڤ) و (کوندەبۆ) دەکات، مرۆڤ بە شوومتر و وێرانکەرتر دەبینێت، ئاخر کوێی ئەم دونیایە هەیە، دەستی مرۆڤی پێنەگەیشتبێت پیسی نەکردبێت! کە ئەمە مەبەستی شاعیرە.

بۆیە لێرەدا شاعیر باس لەو حاڵەتە دەکات، کاتێك مرۆڤ لە هەموو بەهایەکی مرۆڤبوون دادەماڵرێت و هەست و هۆشی لە پێناو لایەنێکی بەرژەوەندیخوازیی، ئارەزوویێك و مەبەستێك،... دەخاتە ژێر پێیەکانی، ئامادەیە چی کاولکاریی هەیە بیکات، تاکو بە مەرام و مەبەستە گلاوەکەی بکات، لەوانە: وەك دەزانرێت (ئاو سەرچاوەی ژیانە)، بەڵام مرۆڤ بۆ ئارەزووەکانی ئامادەییە گڵی هەموو ئاوی جیهان بداتەوە و لە گۆمێکدا بۆگەنی بکات، بەمەش وێرانی و لەناوچوونی ژیان دروستدەکات، بەجۆرێك مرۆڤ ڕوو لە هەر شوێنێك بکات تێکدەدات، تەنانەت زۆر لە (کوندەبۆ) وێرانکەرترە.

هەروەها لە بەشی (5)ی شیعری (کارمامز)دا، دەڵێت:

**هیچ هاوڕێیەکی نەبوو، دایکم**
**بەڵام کە کۆترێکی دەبینی لەناو بەفردا مرداربۆتەوە**
**توند لە سینگی خۆی دەدا،**
**ئاخر دایکم،**
**هەموو کۆترێکی بە دەستەخوشکی خۆی دەزانی.** (جەلی زادە، 2023: 26)

وەك دەزانیین، باڵندەی (کۆتر) بە کلتووری کوردییدا بە ڕەمزی ئاشتی و جوانی و پاکی و بەرائەت دانراوە، کەچی لە

لایەن مرۆڤەکانەوە پەروبالی دەکرێت و لە قەفەس دەکرێت، بەمەش شـــاعیر بە ڕێگەی هێنـانەوەی وێنەی (دایـك)ی لێکچوانـدنێکی لە نێوان (ئـافرەت) و (کۆتر)دا کردووە، کە هەردووکیـان مـایەی ئـارامیی و جوانیی و بەرائەتـدانن بە مرۆڤ، کەچی هەردووکیـان (ئـافرەت و مرۆڤ) لە لایەن مرۆڤەکانەوە پەروبالیان دەکرێت و ئەتك دەکرێن و زیندانی ماڵ و قەفەز دەکرێن، لە کاتێکدا دەبوو کۆتر ئاســـمانی خودا تەی بکات و ئافرەتیش ئاســـمانی نێر بنەخشـــێنێت، ئەمەش جۆرێکە لە ڕەخنەگرتن لە کلتووری کۆمەڵگەی پیاوســـالاری، بەمەش شـــاعیر دوو مەبەســـتی پێکاوە؛ لەلایەك بەهێزی و بەپێزی و پتەوکردنی داڕشـــتنی دەق و بنیاتی واتاییەکەیەتی و لە لایەکی دی؛ بە هێنـانەوەی ڕەمزێکی کلتووریی ڕەخنەی لە داب و نەریتێـك و کلتوورێکی کرێتی کۆمەڵگەی گرتووە، بەمەش شـاعیر (دایك- ئافرەت)ی لە (کۆتر)چواندووە، ڕووی لێکچواندنەکەش لە (پاکی و بێگەردی)دایە.

**6.2.3. ڕەمزی سێکسی:**

هەڵبەتە (سێکس) وەك بەشێکی دانەبڕاو و پێویستییەکی ڕۆحی و جەستەیی و مانەوە و وەچەخستنەوە و زیادکردنی مرۆڤ لە تەواوی مرۆڤـایەتییدا بـایەخی خۆی هەبووە و هەیە، بەڵام بە گوێرەی ئایینەکان و کۆمەڵگە و کلتوور و داب و نەریتەکان لە شـــوێنێك و کۆمەڵگەیەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیـاوازە، جیاوازییەکەش لە حاڵەتی شـەرعی و ناشـەعی و شـەرمەوەیە، گەرنا لە تەواوی کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە و پێویســـتییەکی مانەوەشییانە.

لەم دیدگەوە ئەگەر ســـەیر نەتەوەی کورد بکەین، کە زۆینەیان موسـڵمانن و بەئایینی ئیسـلام پەیوەستن، لەلایەکی دیکە کلتوور و دابێکی کۆمەڵایەتییـان هەیە، ئەمەش نەك هەر ڕێگە بە سـێکسـی ناشـەرعی نادرێت، بەڵکو باسـکردنیشـی جۆرێك لە عەیبە و شەرمە و نەنگییە، تایبەت ئەو شوێنەهەستیارانەی، کە لە لایەن هەردوو ڕەگەزەوە لەم کردارەدا بەشـــداردەبن، بۆیە زۆرجار بە ڕەمز ناویان دەهێنرێت، چونکە بە ناوهێنانییان لە لایەن بەشـــێکی زۆر لە کۆمەڵگە، گەرد دەنیشـــێتە ســـەر کەسێتییەکەی، بۆیە شاعیران زۆرجار ناچارن پەنا بۆ بەشێك لەو ڕەمزانە ببەن، هەندێکجاریش ســـنوورەکان دەبەزێنن و لە داب و نەریت و کلتوور لادەدەن دەبنە ڕچەکشکێنی ئەم بابەتە، نموونەی هەردوو جۆری شـــیعرەکەش لای (قوبـادی جەلی زادە) زۆر بە ڕوونـی دیـارە، چـونکە ژن لای (قـوبـاد) (سەرچاوەیەکی بەخوڕ و بە تەوژمی ڕووباری خەیاڵە... ژنی کردۆتە مـادەی شـــیعر و پەیامی شـــیعری خۆی، ئەمیش بە تێکەڵکردنی شـیعرییەتی خەیاڵ بە زمانی ئیرۆتیکا،.... شـاعیر پتر خولیـای جیهـانی ئیرۆتکـایە، نەك ئیرۆتیـك) (شـــەورۆ، 2021: 72، 73) وەك لە کۆپلەی (1)ی شیعری (ئیرۆتیکا)دا، دەڵێت:

**لەباخ دەهاتەوە، سەبەتەیەك سێوی پێبوو**
**گووتم تکایە دانەیەك.** (جەلی زادە، 2023: 327)

شاعیر لێرەدا، میوەی (سێو)ی وەك بەشێك لە ڕەمزی سێکسی بۆ بەشـێکی جەسـتەی ئافرەت خواسـتوە، ئەویش (مەمك)ە، چونکە هەردووکیان لە شێوەی خڕی و جوانی و پڕ بەچێژی و خواردن بە لێو و ددان لە یەکتر دەچن، بۆیە شاعیر وەك لاوێك خۆی لە یارەکەی مەڵاســـداوە و داوای پێدانی ســـێو/مەمەی لێدەکات، چونکە بەلای شـاعیر هەر خودی جەسـتەی ئافرەت باخێکی پڕ لە میوەی بەتام و جوان و خۆشـــە، وەك لە بەشـــی (2)ی هەمان شیعر دەڵێت:

**لەباخ دەگەڕایەوە، سەبەتەیەك خۆخی پێبوو**
**گوتم،**
**تکایە خۆخێکی گەییو!**
**وتی نێوان ڕانەکانم بۆن بکە.** (جەلی زادە، 2023: 328)

شاعیر لێرەدا لەسەرتادا ڕەمزە سێکسییەکەی هێناوە، کە میوەی (خۆخ)ە، لە دواجاریشـــدا لەســـەر زاری بەرانبەر وەڵامەکەی ئاشـکرایکردووە، کە مەبەسـتی هەسـتیارترین شـوێنە، ئەویش ئەندامی سێکسکردنی ئافرەتە، کە لە چەشنی خۆخێکە لە خەتی ناوەڕاست و گەییوویی و تەڕیدا.

وەك لە شیعری (مەمك)دا، باشتر ئەمە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت

**کامتان ئەزیزترن:**
**تۆ یان نیشتمان؟**
**ئەو کێوێکی پێ بەخشیم بۆ ڕابواردن**
**تۆش دوڵێکت پێ بەخشیم**
**بۆ ڕاکشان!** (جەلی زادە، 2007: 548)

شاعیر بەراوردی نێوان (نیشتمان و یار)ەکەی دەکات لە پێدانی ئەو خۆشییانەی کە پێداوە، بۆیە نیشتمان شـاخێکی بۆ گەڕان و ڕابواردن پێـداوە، کەچی یـارەکەی (دۆڵ)ێکـی بۆ لەزەت وەرگرتن پێبەخشییوە، بەمەش (دۆڵ) بە واتای خۆی نەهاتووە، بەڵکو بە ڕەمزی سێکسی هاتووە و مەبەستی ئەندامی مێینەیە.

لەلایەکی دیکە ئەمە نیشـــانەی ئەوەیە، کە شـــاعیر (ئافرەت) و (نیشـــتمان)ی بە یەکچواندووە، ڕووی لێکچواندنەکەشـــی لە (ئەزیزبوون و پێدانی چێژ و خۆشییە) بە مرۆڤ/ شاعیر.

دواتر شـــاعیر هەموو ســـنوورەکان دەبەزێنێت و بە ئاشـــکرا جاڕی بێ پەردەیی دەدات و دەڵێت:

**وەرە با پێکەوە**
**سەربردەی سووتانی ئەو کچە قەیرانە بخوێنینەوە،**
**کە شەوان لەناو پێخەفی تەنیاییدا**
**ئەنگوستییان دەکەن بە چەقۆی لەزەت و**
**داوێنی خۆیان پێ قیمەت دەکەن.** (جەلی زادە، 2007: 271).

شـــاعیر بە ئاشـــکرا باس لە ســـاتی گەیشـــتنی بە دوا پلەی ڕاحەتبوون/ ئۆرگازمی نهێنی ئافرەتانی قەیرە دەکات، ئەمەش شـــۆڕشـــێکی ئیرۆتیکیانەی مۆدێرنە لە شـــیعردا، کە ئامانجی ئازادکردنی جەســـتەیە و شـــکاندنی کۆت و بەندەکانی ئایین و داب و نەریت و کلتوورە.

ئەوەی جێگای ســـەرنجە؛ بە گەڕان و پشـــکنین لە جەســـتە و هەناوی دەق، هەندێجار ڕەمز و کۆدەکانیان زوو دەکرێنەوە و واتـاکـان بەچەنـد جـارێك خوێندنەوە تـا لێواری ئـاســـانی لە تێگەیشتندا دەچن، بۆیە دەشێت ئەم جۆر بە بە، (ڕەمزی تەنك) ناوببرێن، کەچی هەندێکجار ئەو ئەمانە پێویستییان بە وەرگر و خوێنەرێکی نموونەیی هەیە، کە بە ڕامـانێکی قووڵ و خوێنـدنەوەیەکی وردی چەنـد جـارەیی دەقەکە، بگـات بە کردنەوەی کۆد و ڕەمز و هێماکانی دەقە شـیعرییەکە و لەوێوە پەیوەندییەکان ئاشکرا بکات، لەوێشـەوە پەردە لەسـەر بەشێکی زۆر لە دەلالەتەکان لابدات.

بەواتایەکی دیکە؛ بۆ گەیشـــتن و بەدەســـتهێنان دەلالەتی ئەو جۆرە دەقانە خوێنەر پێویســـتی بە خۆماندووکردن و گەڕان و پشـــوو درێژی هەیە، ئەمە ســـەرەڕای ئەوەی دەبێت خوێنەر پـاشـــخـانێکی ڕۆشـــنبیریی، مێژوویی، ئەدەبیی فراونی ... هەبێـت، بۆیە زۆرجـار ئەو خوێنەرانە هەر زوو لە گەڕان

7. بەدوای واتای دەقی لەم جۆرەدا وەرس دەبن، تەنیا ئەوانە نەبن، کە بەڕاستی شەیدا و تامەزرۆی گەیشتنی شلۆڤە و ڕاڤە و ئەدگارەکانی دەقن، بە دۆزینەوەی حاڵەتێکی ویژدانی؛ خۆشی و چێژێکی زۆر دەبینن، ئەمە سەرەڕای فراوانبوونی لایەنە هزرییەکانی لە ئان و ساتی پشکنین و گەڕان لە کون و قوژبنەکانی دەقەکەدا، چونکە ئەم جۆرە دەقانە تژین لە ڕەمز و کۆدی شیعریی و داهێنانی شیعرییەت بە وشە بە ڕەمزکراوەکان.

#### 4. ئەنجام:

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەم ئەنجامانە گەیشتین:

1. ڕەمز یەکێکە لەو لایەنە هونەرییانەی، کە شیعرییەت بە دەق دەبەخشن و دەق لە ئاستی تاك واتاییدا دەگوازنەوە بۆ ئاستی فرەواتایی و ڕاڤە و لێکدانەوەی جیاواز.
2. مێژووی بەکارهێنانی ڕەمزیش لە شیعری کوردییدا، پانتاییەکی فراوان و ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، بەڵام بەکارهێنانی ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردیی و تایبەت لای ئەم شاعیرانە، بەرەو بەربڵاوی چووە و بەشێکی زۆری شیعرەکان بە جۆرێکی یان زیاتر، لە ڕەمز تەنراون و چنراون.
3. ئەگەرچی ڕەمز خۆی پێویستییەکی شیعرایەتییە و ستاتیك دانە بە دەقی شیعریی، بەڵام زۆری بەکارهێنانی لە لایەن شاعیران بۆ ئەو بارودۆخە (سیاسیی)یە دەگەڕێتەوە، کە لەو ماوەیەدا (1975- 1991) لە باشووری کوردستان هەبووە.
4. شاعیرانمان لە لایەك بەهۆی ئەوەی لە دوو ژینگە و ناوچەی جیاواز پەروەردەبوون و گەورەبوونە، لە لایەکی دیکە بەهۆی ئەزموونی ڕۆشنبیریی و ڕوانینان بۆ گۆشەکانی ژیان، هەریەکێکیان چەندین (ڕەمزی خودی)یان چێکردووە و دەقەکانیان پێ ئەفراندووە و بۆتە بەشێکیش لە شوناسی شاعیرەکە.
5. لە ئەزموونی شیعریی شاعیران بۆمان دەرکەوت: (نەوزاد ڕەفعەت) زۆرترین ڕێژە (ڕەمزی ئەفسانەیی) بەکارهێناوە، ئەمەش بۆ کاریگەری (ئەدەبی یۆنانی و ئەفسانە کۆنەکانی جیهان) دەگەڕێتەوە بۆ سەر دونیابینی شاعیر، کەچی لە بەرانبەردا (قوبادی جەلی زا دە) لە زۆرینەی دەقەکانی و بە پلەیەك (ڕەمزی سێکسی)ی بەکارهێناوە، ئەمەش پەیوەستە بە لایەنی دەروونی و ئەزموونی شاعیر و جیهانبینی بۆ ژن و جوانییەکانی، چونکە لای شاعیر خودی (ژن) و (جەستەی ژن) کەرەستەی پێکهێنەر
6. ی بنیاتی شیعرن.لە تەواوی دەقی ئەو دیوانانەی بەرچاومان کەوتوون؛ نزمترین ڕێژەی ڕەمز لای شاعیر (نەوزاد ڕەفعەت) (ڕەمزی سێکسی)یە، کە دەتوانرێت بڵێین: هەر بەدیناکرێت، کەچی لە بەرانبەردا کەمترین ڕێژە لای (قوبادی جەلی زا دە) (ڕەمزی ئایینی)یە.

لە شەن و کەوی دیوانە بەرچاوخراوەکانی شاعیراندا، ئەگەرچی جۆرەکانی ڕەمز بە شێوەیەکی بەربڵاو لە شیعرەکانیاندا بەدیدەکرێن، بەڵام لە چۆنییەتی و چەندایەتییدا جیاوازن، وەك لەم هێلکارییەدا خراوەتەڕوو:

| جۆرەکانی ڕەمز | ڕێژەی بەکارهێنان لای (نەوزاد ڕەفعەت) | ڕێژەی بەکارهێنان لای (قوبادی جەلی زا دە) |
|---|---|---|
| ئەفسانەیی | ٣3٪ | 7٪ |
| سێکسی | ٪٠ | ٣7٪ |
| ئایینی | ٪١٤ | 6٪ |
| گەردوونی | ١5٪ | ٪١٨ |
| مێژووی | ١8٪ | ٪١٣ |
| کەلتووری | ٪٢٠ | ٪١٩ |

#### 5. سەرچاوەکان:

##### 1.5. کتێب:

##### 1.1.5. کتێب بە زمانی کوردیی:

ئەحمەد، پەخشان عەلی. (2009)، شێوازی شیعری گۆران، چ. 1، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
ئەحمەد، نەجات حەمید. (2008)، تیۆریی بنیاتی شاراوە، چ. 1، چلپخانەی ئاراس، هەولێر.
ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد. (2015)، فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چ. 1، چاپخانەی تاران، تاران.
بەسیر، کامل حسن. (1983)، ڕەخنەسازی (مێژوو و پەڕەوکردن)، چ. 1، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
حەمەد، پەخشان سابیر. (2012)، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان (1970- 1991)، چ. 1، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
خۆشناو، سەرباز مەجید. (2019)، سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، چ. 1، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.
خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا. (2015)، ڕەمز و مەغزا لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربالدا، چ.1 ، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
خۆشناو، هێمن عومەر. (2010) ، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، چ.1، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
شەریف، عەبدولستار تاهیر. (1985)، قامووسی دەرونناسی، چ.1، چاپخانەی علا، بەغدا.
شەورۆ، فازیل. (2021)، گوتاری شەورۆ (13 لێکۆلینەوەی ئەدەبی، 3 بانێژە باس)، چ. 1، چاپخانەی تاران، تاران.
گەردی، سەردار ئەحمەد. (2004)، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا (1970-1991)، چ.1، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
عەسکەر، دانا. (2009)، مانا و دەلالەتە شاراوەکانی دەق، چ.1، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
عەلی، تالیب حسێن. (2014)، زانستی زمانی کوردی، چ. ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
کامۆ، ئالبیرت. (2006)، ئەفسانەی (سێزیف)، و. د. هدی ئیبراهیم، چ. 1، چاپخانەی هێمن، سلێمانی.
کەریم، ئازاد عەبدلواحید. (2017)، شیعرییەتی دەق، چ. ١، ب. ن. چ.، کەرکووك.
لمپ، هارۆڵد، (2013)، ئەسکەندەری مەکدۆنی، و. عەلی ئەکبەڕ مەجیدی، چ. 3، چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی.
مەحموود، ئازاد ئەحمەد. (2009) ، بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردییدا (1985 تا 2005)، چ.1، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
مەولوود، ڕیزان سالح. (2013)، پێگەی ژن لە دیدی (قوبادی جەلی زادە و نەزار قەببانی)یدا، چ. 1، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
مەولوود، محەمەد خدر. (2008)، نەوزاد ڕەفعەت شاعیری ئەفرێنەری شیعری نوێی کوردی، چ. 1، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

مستەفا، ئاسۆ عومەر. (2009)، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد و شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران، چ. 1، چاپخانەی خانی، دهۆك.
ناوخۆش، ســەلام : خۆشـناو، نەریمان. (2009)، زمانەوانی، ب. (١، ٢، ٣)، چ. ١، چاپخانەی منارە، هەولێر.

+ دیوانەکان:
جەلی زادە، قوبادی. (2007)، شـــەهید بەتەنیا پیاســـە دەکات، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
جەلی زادە، قوبادی. (2023)، جێ ســـمی بارگیرەکان، چاپخانەی تاران، تاران.
ڕەفعەت، نەوزاد. (1992)، بەفری گەرم، چ. 1، چاپخانەی ڕۆشـــنبیری و لاوان، هەولێر.
ڕەفعەت، نەوزاد. (2004)، پەرییەکـان هەڵدەفڕێنمەوە، چ. 1، چـاپخـانـەی ئاراس، هەولێر.
ڕەفعەت، نەوزاد. (2012)، دارسـتانی ئەو بنارە ، چ. 3، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
ڕەفعەت، نەوزاد. (2013)، نیگەرانی، چ. 3، چاپخـانـەی حـاجی هـاشـــم، هەولێر
ڕەفعەت، نەوزاد. (2014)، شینی شالوور ، چ. 2، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
ڕەفعەت، نەوزاد. (2020)، باڵەکانم بدەرەوە، چ. 1، چاپخانەی ماد، تاران.

**2.1.5. کتێب بە زمانی عەرەبیی:**
احمد، محمد فتوح. (1978)، الرمز والرمزية الشـعر المعاصـر، ط. ٢، دار المعارف، قاهرة.

عبـدالنور، جبور. (١٩٨٤)، المعجم الادبی، ط. 1، دار العلم للملاين، بيروت.

عمر، احمد مختار. (1982)، علم الدلالة، ط. ١، مكتبة دار الحرية للنشـــر والتوزيع، كويت.

كنونی، محمد. (1997)، اللغة الشعرية- دراسة فی شعر حميد سعيد، ط. 1، دار الشوون الثقافة العامة، بغداد.

مجاهد، عبد المنعم. (1986)، دراســـات فی علم الجمال، ط. 1، دار عالم الكتب، بيروت.

المنظور، ابن، (1968)، لســـان العرب، المجلد: 5، ط. 1، دار البيروت للطباعة و النشر، بيروت.

**2.5. نامە و تێزەکان:**
ئیبراهیم، بەشدار محەمەد. (2014)، واتاسازی بەرهەمهێنان و لێکدانەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماسـتەر، فاکەڵتی زانسـتەمرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان،زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
حەمەســاڵح، دلاوەر ئیبراهیم. (2015)، شــیعرییەت لە دەقەکانی (ئەنوەر قادر محەمەد)دا، نامەی ماسـتەر، فاکەڵتی زانسـتەمرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
حەوێزی، دەریـا جەمـال حەوێزی. (2008)، وێنەی ڕوونبێژی لە دیوانی (شەهید بەتەنیا پیاسەدەکات)ی قوبادی جەلی زادە، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.
حســـین، جوانە ئەحمەد. (2014)، زاراوەو واتای زاراوە لە واتا، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتی زانسـتەمرۆڤایەتییەکان، سـکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
حسێن، هەژار فەقێ سلێمان. (2022)، هێماگەری لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
رضـــا، ئیدریس محمد. (2021)، وێنەی شـــیعری لە دیوانی (تەمەن)ی (ئەحمەد محمـد)دا، نـامەی مـاســـتەر، کۆلیژی زمـان، زانکۆی سەڵاحەدیین، هەولێر.
مەحموود، فازڵ مەجید. (1990)، سـروشـت لە شـیعری گۆراندا،کۆلیژی ئاداب، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
مەلا، مەهـدی محەمەد. (2021)، شــیعرییەت لە (کـاریزمەرجـان)ی (موحسین ئاوارە)دەدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
محەمەد، شـاخەوان فەرهاد. (2023)، ئیسـتاتیکای شـیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی ســـەڵاحەددین، هەولێر.
مستەفا-خ، خەلیل ئیبراهیم. (2009)، شـیعرییەتی دەق بە نموونەی شـیعرە کوردییەکانی (مەحوی)، نامەی ماسـتەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر.

3.5. گۆڤارەکان:
شوان، ئیبراهیم ئەحمەد. (2008)، ڕەمز لە شیعرە کوردیەکانی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا، گ. زانکۆی سەڵاحەدین، ژ. 34، هەولێر.

مەعروف، کەمال. (٢٠١٠)، سیمیۆلۆژیا یان سیمیۆتیکا، گ. مێرگ، ژ٦٠، مانگی ئایاری، هەولێر.

مەعروف، کەمال مستەفا. (2005)، ڕەمز لە شـیعری (شـێرکۆ بێکەس)ی شاعیردا، گۆڤاری ڕامان، ژ. ١٠١، هەولێر .

**الرموز في قصائده (نوزاد رفعت وقوبادي جلي زاده)**

**ملخص:**

الشعر الرمزي هو أحد الجوانب الفنية التي تضفي شعرية على النص وتخرجه من أيدي بساطة الكلام، لأن الرموز سبب رئيسي في انحراف المعنى والانتقال من الفهم الواضـح والسـريع وأحادي المقطع للقارئ، لأنه ليس كل القراء قادرون على فهم معاني مثل هذه النصـوص وإزالة المعاني الخفية، وإيجاد الرموز والشفرات الخفية، فتستغرق هذه النصوص وقتا أطول في الفهم وتبقى هناك فترة أطول في المجتمع، ولذلك شعراءنا المعاصرون بشكل عام وبشكل خاص (نوزاد رفعت وقوباد جلي زاده) لديهم خلفية عامة واسعة وتنوير شامل في كافة المجالات، فتمكنوا من قمع معظم أنواع الرموز ووضعها في خدمة الشعر.

**كلمات المفتاح:** الرموز، الأساطير، الدين، التاريخ ،الجنس.

**SYMBOLS IN POEMS (NAWZAD RAFAT AND GHOBADI JALI ZADEH)**

**ABSTRACT:**

Symbolic poetry is one of the artistic devices that gives depth to the text, and helps to avoid speech simplicity, because symbols are a major cause of deviation and transition from literal, quick and monosyllabic understanding. Thus, on the one hand, the symbol is an aesthetic element of poetry and itself., and on the other hand, because not every reader is able to understand the meanings of such texts and decipher the hidden meanings, find the symbols and hidden codes, so these texts take longer to understand and there linger longer in society. Therefore, our contemporary poets in general, and (Nawzad Rafat and Ghobadi Jali Zadeh) in particular, have a broad general background and comprehensive enlightenment in all fields. Conseaquently, they have been able to incorporate most types of symbols and put them at the service of poetry.

**KEYWORDS**: Symbols, Myths, Religion, History, Sex.